# الوضع السياسي لكورد جمهورية أذربيجان خلال الأعوام (١٩١٨-١٩٣٠)

الوضع السياسي لكورد جمهورية أذربيجان خلال الاعوام(1918-1930)


طالبة ماجستير: آوات محمد عثمان
awat.m.othman@su.edu.krd
جامعة صلاح الدين / كلية الآداب / قسم التاريخ – التاريخ الحديث والمعاصر
أ.م.د.شوان محمدأمين طه
shwan.taha@su.edu.krd
جامعة صلاح الدين / كلية الآداب / قسم التاريخ – التاريخ الحديث والمعاصر



**الكلمات المفتاحية**: الأكراد في أذربيجان، حزب المساواة (الموساواتيون)، قضاء كردستان، ثورة أكتوبر، الاتحاد السوفييتي



**كيفية اقتباس البحث**

عثمان , آوات محمد , شوان محمدأمين طه , الوضع السياسي لكورد جمهورية أذربيجان خلال الأعوام (١٩١٨–١٩٣٠),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.



**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**



**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

The Political Situation of the Kurds of the Azerbaijan Republic (1918–1930)

Master's Student: Awat Mohammed Othman
Salahaddin University / College of Arts / Department of History – Modern and Contemporary History
Assistant Professor Dr. Shwan Mohammed Amin Taha
Salahaddin University / College of Arts / Department of History – Modern and Contemporary History

**Keywords** : Kurds of Azerbaijan, Musavatists, Kurdistan Uezd, October Revolution, Soviet Union

**How To Cite This Article**
Othman , Awat Mohammed , Shwan Mohammed Amin Taha , The Political Situation of the Kurds of the Azerbaijan Republic (1918–1930) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract:
The study entitled “The Political Situation of the Kurds of the Azerbaijan Republic during the Years 1918–1930” is based on historical sources. Throughout this period, the Kurds lived under severe economic hardship and political instability. War, poverty, and the violent policies of the Musavatists caused deep dissatisfaction and resentment among the Kurdish population of Azerbaijan. The Musavat authorities continuously attempted to assimilate, marginalize, and eliminate the Kurds and their rights.
This ongoing political repression and social exclusion led the Kurds to support the arrival of the Soviet army and the establishment of Soviet authority. On April 28, 1920, the Musavat regime came to an end, and between 1920 and 1922, the Soviet Republic of Azerbaijan was established. As a result, the lives of the Kurds underwent major transformations in both their economic and political structures. Many

nomadic Kurds were forced to abandon their traditional lifestyle and settle permanently, engaging in agriculture and livestock breeding.
At the same time, due to the new Soviet policies, the Kurds began to hope for democratic and social reforms. However, these changes were more evident among the Kurds of Armenia than among those of Azerbaijan. Between 1923 and 1929, the administrative unit known as the Kurdistan Uezd (also called Red Kurdistan) was established in the Kurdish-inhabited regions of Azerbaijan as an ethnically based administrative district. Most Kurdish areas were included within this framework.
The October Revolution and the policies of Lenin and Stalin were the main factors behind the establishment of this entity. However, the Kurdistan Uezd did not function effectively as an ethnic administrative unit. Due to political complications and Stalinist repression, it was dissolved in 1929 and officially abolished.

ملخص البحث

يتناول هذا البحث الوضع السياسي لكورد جمهورية أذربيجان في الفترة ما بين عامي ١٩١٨ و١٩٣٠، معتمداً على مصادر تاريخية. خلال هذه الحقبة، عاش الكورد ظروفاً اقتصادية بالغة الصعوبة وتحديات سياسية معقدة، نتيجة للحروب المتتالية والفقر المدقع، بالإضافة إلى قبضة حكم "المساواتيين" العنيفه. كل هذه العوامل أدت إلى حالة من الاستياء الشديد والتذمر في أوساط الكورد الأذربيجانيين، حيث كان المساواتيون يسعون بلا هوادة إلى صهر الكورد ومحو هويتهم وحقوقهم.
لقد دفعت الضغوط السياسية المتواصلة وهيمنة هذه الجماعة بالكورد إلى تأييد قدوم الجيش والسلطة السوفيتية. وعندما سقط حكم المساواتيين في ٢٨ نيسان ١٩٢٠، تلا ذلك تأسيس جمهورية أذربيجان السوفيتية في الفترة من ١٩٢٠ إلى ١٩٢٢. شهدت هذه المرحلة تحولاً جذرياً في وضع الكورد، سواء على الصعيد الاقتصادي أو السياسي. أُجبر الكورد الرحل على الاستقرار، وتكيفت حياتهم مع الزراعة وتربية الحيوانات. في الوقت نفسه، ومع تبني السياسات السوفيتية الجديدة، تعلق الكورد بآمال عريضة في تحقيق تغييرات نموذجية على مستوى الديمقراطية والأمن والسياسة. بيد أن هذه التغييرات كان تأثيرها أكبر في منطقة أرمينيا، بينما كانت أقل وضوحاً بالنسبة لكورد أذربيجان.
في الفترة من ١٩٢٣ إلى ١٩٢٩، تأسست مقاطعة كوردستان، أو ما عُرف بـ "أويزد كردستان"، وكذلك "كردستان الحمراء"، في المناطق ذات الغالبية الكردية في أذربيجان، وذلك كوحدة إدارية ذات أساس عرقي. ضمت هذه الوحدة الإدارية معظم المناطق الكردية. كانت ثورة أكتوبر وسياسات لينين وستالين من الدوافع الرئيسية وراء التأسيس .

# الوضع السياسي لكورد جمهورية أذربيجان خلال الأعوام (١٩١٨-١٩٣٠)

## ڕەوشی سیاسیی کوردانی کۆماری ئازربایجان لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٣٠)

طالبة ماجستير: آوات محمد عثمان
awat.m.othman@su.edu.krd
جامعة صلاح الدين / كلية الآداب / قسم التاريخ – التاريخ الحديث والمعاصر

أ.م.د.شوان محمد أمين طه
shwan.taha@su.edu.krd
جامعة صلاح الدين / كلية الآداب / قسم التاريخ – التاريخ الحديث والمعاصر

پوختە
بارودۆخی سیاسیی کوردانی کۆماری ئازەربایجان لە ماوەی ساڵانی (١٩١٨- ١٩٣٠) ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، کە پشتی بە سەرچاوە مێژووییەکان بەستووە، لە ماوەی توێژینەوەکەدا، کوردەکان لە بارودۆخێکی سەختی ئابووری و ئاڵۆزی سیاسیی دا ژیاون، ئەمەش بەهۆی بوونی جەنگ، هەژاری و دەسەڵاتی توندوتیژی موساواتییەکان، ببوە هۆی نارەزایی و بێزاربوونی کوردەکانی ئازەربایجان، موساواتییەکان بەردەوام لە هەوڵی ئاسیمیلەکردن و توانەوە و لەناوبردنی کوردەکان و مافەکانییان دابوون. بەردەوامی فشاری سیاسیی و خۆسەپاندنی ئەم گروپە، بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی کوردەکان پشتیوانی لە هاتنی سوپا و دەسەڵاتی سۆڤیەتی بکەن، کاتێک لە ٢٨ نیسانی ١٩٢٠ کۆتایی بە دەسەڵاتی موساواتەکان هات، لە ساڵانی ١٩٢٠–١٩٢٢ کۆماری سۆڤیەتی ئازەربایجان دامەزرا، لەوە بەدوا دۆخی کوردەکان گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەرداهات لە ڕووی شێوازی ژیانی ئابوری و سیاسیان، کوردە کۆچەرەکان ناچارکران لە کۆچەری بەرەو نیشتەجێبوون بچن و ژیانیان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پەیوەست کرد. لە هەمان کاتدا بەهۆی سیاسەتی نوێی سۆڤیەت، کوردەکان بە هیوای گۆڕانکارییەکی نموونەیی بوون لە بواری دیموکراتی و ئاسایش و سیاسییەوە، بەڵام گۆڕانکارییەکان زیاتر لە ناوچەی ئەرمینیا کاریگەرییان هەبوو و بۆ کوردانی ئازەربایجان بە شێوەیەکی کەمتر دەرکەوت. لە ساڵانی ١٩٢٣–١٩٢٩ قەزای کوردستان یا (ئۆیێزدی کوردستان) هەروەها بە (کوردستانی سوور)یش ناسراوە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان دامەزرا، بە شێوەی یەکەیەکی کارگێڕی لەسەر بنەمای ئەتنیکی. زۆربەی ناوچە کوردنشینەکان کەوتنە ناو چوارچێوەی ئەم یەکە کارگێڕییەوە، شۆڕشی ئۆکتۆبەر و سیاسەتی لینین و ستالین هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی ئەم یەکە بوون، بەڵام ئەم یەکەیە بە شێوەیەکی ئەتنیکی کارگێڕی زۆری نەخایاند، بەڵکو بەهۆی هەندێک هۆکاری سیاسیی و ژێرخەری ستالینی، لە ١٩٢٩دا هەڵوەشێندرایەوە و بە شێوەی فەرمی کۆتایی پێهێنرا.

کلیلی ووشە
(کوردی ئازربایجان،موساواتەکان، ئویێزدی کوردستان، شۆڕشی ئۆکتۆبەر ، یەکێتیی سۆڤیەت)

پێشەکی
ڕووخانی سیستەمی سیاسیی ڕووسیای تەزاری و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە سەرکردایەتی فلادیمیر لێنین و پاشان دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤیەت، کاریگەری سیاسی و ڕۆحی بەرچاوی هەبوو، لەسەر پێکهاتەی نەتەوەکان، لە چوارچێوەی جوگرافیای ئەو دەوڵەت و نەتەوانەی، کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیای تەزاریدا بوون. یەکێک لە نەتەوانە گرنگەکان کورد بوو، بە تایبەتی کوردەکانی پشتکەفکاز (ئازەربایجان، جۆرجیا و ئەرمینیا) کە هەموویان لە

دوای شۆڕشەکەدا، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت.لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئاسۆیەکی نوێ و گەش بەڕووی گەلانی بێدەوڵەت و ستەمدیدەی جیهان، وەک کوردان، سەریهەڵدا. لێنین مافی خۆنووسی چارەی خۆ نووسن و خۆبەڕێوەبردنی نەتەوەکان ڕاستەوخۆ ڕاگەیاند، کە ئەمە ئومێدی نوێی دروستکرد بۆ کوردەکان.کوردەکانی ئازەربایجان بەشێکی گرنگ بوون لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەتنیکی وڵاتەکە. بەڵام بەر لە دامەزراندنی سۆڤیەت، کوردەکان لە ماوەی ١٩١٨–١٩٢٠ دا بەهۆی جەنگ، دەسەڵاتی موساواتەکان، و هێرشە نەتەوەییەکان، لە بارودۆخی ئابووری و سیاسیی خراپ دابوون. لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمیش، زیانی گەورە بەسەر ماڵ و گیانی کوردان هاتبوو، کە بەهۆی کاول و تاڵانی هێزە روسی، ئینگلیز و فەرەنسیەکان دەست پێکرد.سیاسەتی موساواتەکان و ژیاننامەی شۆڤینیستی ئەوان، بەهۆی فشار و نائاسایشی درێژخایەن بوو بۆ کوردەکان. یەکێک لە نامۆترین و بە کەمترین شێوە لێکۆڵینەوە کراوە قەوارەی ئیداری ئەم خاکەیە، باشووری کەفکاز، ئویێزدی کوردستان بوو. لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی دروستکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەم قەوارەیە، تەنها لە ڕوانگەی مێژوویی کرنگ نییە، بەڵکو لە ڕوانگەی سیاسیشەوە گرنگی تایبەتی هەیە. کە ئەم ئویێزدە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە کێشەی یەکلاکردنەوە و چارەسەری ململانێی ناگۆرنۆ-قەرەباخ لەم پێکهاتەیەدا، بڕیارە سیاسی و ئابووریەکان یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دامەزراندنی قەزای کوردستان (ئویێزدی کوردستان) لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤیەت بوون.

١.پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوە

1. بارودۆخی سیاسیی کوردەکانی ئازربایجان بەر لە هاتنی سۆڤیەت بۆ ناوچە کوردنشینەکان چۆن بوو؟

2. هۆکاری دروستبوون و لە نێوبردنی «ئویێزدی کوردستان » چی بوو؟

3. بۆچی چنگیز ئیلدرم . کە خۆی کورد، ڕۆشنبیر و کۆمۆنیست بوو . نەکرا بە سەرۆکی ئەو قەزایە، بەڵکو ئازەرییەک دیاری کرا؟

4. بە پێی زۆرینەی سەرچاوەکان، ناوی ئەم یەکەیە بە جۆرە جیاوازەکان (کوردستانی سوور، ئویزدی کوردستان، ، قەزای کوردستان،کۆماری کوردستان) هاتووە. ئایا ئەم یەکەیە بە شێوەی فەرمی و یاسایی وەک یەکەی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی ناسێنرابوو؟ یان تەنها ناوچەیەکی هەرێمی، یەکەیەکی کارگێڕیی و ئەتنیکی بوو؟

٢ .گرنگی توێژینەوە

ئەم بابەتە کە دەربارەی کوردانی ئازربایجانە، تاکو ئێستا لە ئەکادیمیا بە شێوەی زانستی گونجاو کار لەسەری نەکراوە. لەبەر ئەو گرنگی و تایبەتەی توێژینەوەیەکەمان ویستمان بوو ئاوڕێک لەو بابەتە بدەینەوە، وەك ئەرکێکی نەتەوەیی خۆمان لە پێناو خزمەتی مێژووی کورد و کوردستانمان.

٣ .هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە

- خولیا و حەزی کەسیمان بۆ مێژووی کوردان.
- شاراوەیی تایبەتی ئەو مێژووە.
- بەهۆی ئەوەی ئێمە لە باشووری کوردستان دەژین و تەنیا زانیارییەکی سنووردار هەیە لەسەر کوردانی ئازەربایجان، ئەم بابەتە ئێمە هێزەکی زۆر بەرهەمهێنەر بوو بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی بەرچاو لەسەری بکەین.

٤ .ئامانجی توێژینەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە خوێنەری باشووری کوردستان و ناوەندە ئەکادیمیەکان ئاشنا بکرێن بە مێژووی کوردانی ئازەربایجان لە ماوەی دەسەڵاتی سۆڤیەت تاکو جەنگی جیهانی دووەم. تاکو ئێستا گرنگییەکی گونجاو بە ئەم بابەتە نەدراوە، بۆیە توێژینەوەکەمان ئەو زانستە دەخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە زانستیە پڕ بکاتەوە.

٥ .میتۆدی توێژینەوە

- بەکاربردنی شێوەی شیکاری زانستی ،بەراوردکاری وەسفیە.
- سوودوەرگرتن لە سەرچاوە مێژوویی و بەڵگەنامەکانی سۆڤیەتی و کوردی.
- هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان بە بنەمای ئەتنیکی و سیاسی.

٦ .پلانی توێژینەوە

تەوەر یەکەم: ڕەوشی سیاسیی کوردانی ئازەربایجان

1. ڕەوشی سیاسیی کوردەکانی کۆماری ئازربایجان (١٩١٨-١٩٢٠)
2. سیاسەتی موساواتەکان بەرامبەر کوردەکان
3. سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە کوردەکان

تەوەر دووەم: دروستبوون و لە نێوبردنی ئویێزدی کوردستان

١. هۆکاری دامەزرانی ئویێزدی کوردستان.(1923–1929)
٢. پێکهاتەی کارگێڕی و سیاسی ئویێزدی کوردستان.
٣. هۆکارەکانی لە نێوبردنی ئویێزدی کوردستان.

تەوەرەی یەکەم / ڕەوشی سیاسیی کوردانی ئازەربایجان

## 1-ڕەوشی سیاسیی کوردەکانی ئازربایجانی سۆڤیەتی لەنێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٢

سەدەی بیستەمی زایینی لە کەفکازی باشوور، سەردەمێکی چارەنووسسازبوو، چونکە ساڵی ١٩١٧ ڕووسیای تەزاری ڕووخا و کۆتایی بە دەسەتدارییەکەیان هات، کوردەکان لەو ماوەیەدا ژینیان بە ناخۆشی ،هەژاری و چەوساندنەوە بەسەربردووە(موساپور،٢٠٢٠،ل٣٧٢). لە ئایاری ١٩١٨ کۆمەڵانی خەڵکی پشت کەفکاز (ئازربایجان، جۆرجیا و ئەرمینیا) سەربەخۆییان وەرگرت، بەڵام تەمەنی ئەو سەربەخۆییە کورت بوو، تا ساڵی ١٩٢٠ درێژەی کێشا. دواتر کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەت(تونویان،میساکیان،٢٠٢٢،ص٤٢٩ ). زۆربەی کوردانی ئازربایجان موسڵمانی ئاینزا شیعە بوون، کەچی کوردانی ئەرمینیا و جۆرجیا جگە لە کەمینەیەکی کەم نەبێت کە موسڵمانی سوونە بوون، ئەوانی دیکە ئێزیدی بوون(Yilmaz,2014,p801). کوردەکانی ئازەربایجان بەشێکی گرنگ بوون لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی ناوچەکە، لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستەکان ناوچەیەکی زۆری کوردی کەوتە بارودۆخێکی نالەبارو مەینەتی، پێش ئەوکاتیش لە جەنگی جیهانی یەکەم زیانێکی زۆر بەر لە ماڵ و گیانیان کەوتبوو، سوپاکانی ڕووس و ئینگلیز و فەرەنسی ناوچەکانیان تاڵان و کاول کردبوو.(قەرەداغی،١٩٩٢،ل٤٣٩ )،زۆر جار کەمینە نەتەوەییەکان وەک کوردەکان لە ئازربایجان لە ژێرکاریگەری سیاسەتی دەسەڵات و ڕێگرە ناوخۆییەکان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بووەتەوە، ئازادییەکانیان سنووردار کراوە( یلماز،٢٠٢٣،ل٢٤).ئەوگۆڕانکارییانەی ڕوویدا چارەنووسی کەمەنەتەوەییەکانی گۆڕی و نەتەوەی کوردیشی گرتەوە.(Бугай,2012,c83 ) لە ئایاری ١٩١٨ کۆماری ئازربایجان دامەزرا، دەسەڵاتیان گرتە دەست (کیاکسار،٢٠٢٣،ل٩ )<

ئیدی لیژنە شۆڕشگێڕییەکان زۆر بوون و لە ژماردن نەدەهاتن، لە گشت کوچە و کۆڵانێکی وڵاتدا پێکهێنرابوون، لەسەر دەسەڵاتدارانی نوێ پێویست بوو بە شێوازێکی تازە فەرمانڕەوایەتی بکەن. بەهۆی سەرکەوتنەکانی سۆڤیەت لە ئازربایجان و ناوچەکوردنشینەکان و کوردەکان چالاك بوون،کوردە کۆچەری و شارییەکان؛ بەشداریان کرد لە کۆنگرەی (کۆمیتەی هەژاری ١٩١٨-١٩١٩ سەردەمی لێنین،ئەم کۆمیتیە بۆماوەی ساڵێك کەمتر بوو دەسەڵاتی لە نوێنەرایەتی حکومەت لە گوندەکان،هەبوو.( Бугай, ٢٠١٢,C84 ) لە ساڵی ١٩١٨ شەڕی نێوان ئازربایجان و ئەرمینیا لە ناوچەکانی کوردستانی کەفکاز ڕوویدا، بەتایبەتی ناوچەی زەنگیزۆر و دەرەلێزی گرتەوە، کە ناوچەیەکی کوردنشین بوون، ئەرمینیا لە هەوڵی ئەوەدابوو ناوچەکە لە کوردەکان پاک بکاتەوە، ئەمەش بووە هۆکاری لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆری کوردەکان، چونکە زۆربەی شارۆچکە و دێهاتەکانی ناوچەکە دووچاری وێرانکاری و کوشت ببونەوە، لە شەڕەکەدا (گریگۆر ژۆرادیان[1]) فەرماندەی هێزی ئەرمەنەکان بوو، دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت.(Shirinov, 2017, r16) لە سایەی دەسەلاتی کۆمۆنیستەکاندا کورد لە کۆڵخۆزەکان [2] کاریان دەکرد و بە کشتوکاڵ و بەخێوکردنی وڵساتەوە خەریکبوون، بڕێکیشیان لە کارگە و کێڵگەکاندا ئیشیان دەکرد، هاوکات لە سوپا و دەزگاکانی حکومەتیشدا بوونیان هەبوو(سلێمان،٢٠٢٠،ل١١ ) .ئەمەش شۆڕشی ئۆکتۆبەر وەك ئیلهام بەخشێك بوو، بۆ کرێکاران و جووتیارانی ناوچە کوردنشینەکانی ئازربایجان ،کە خەباتیان کرد. لە پێناو ڕزگاربوونیان لە دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی چینە باڵادەستەکان( Токаржевский, 1956,C5 ) لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٩ ئەو ناوچانە لەلایەن سوپای ئینگلیز داگیرکرا، لە نێوان کەرەباخ و زەنگیزۆر ناوچەیەکی پارێزبەند (دابڕێندراو) دروستکرا، سەرۆکایەتی ئەم ناوچەیەش سپێردرا بە کەسایەتییەکی کورد بەناوی خەسرەو بەگ سوڵتانۆڤ[3]، هاوکات

---

[1].کوردانی ناوچەی زەنگیزۆر و دێرێلیز تا ساڵی 1953 ملکەچی سیاسەتی سۆڤیەت بوون ، لە ئەنجامی ئەو شەڕەی کە ڕوویدا.بەڵام ئەو ناوچەیە لە نێوان ساڵانی 1918–1920، 5ساڵ پێش بڕیاری ئوێزدی کوردستان لە سەردەمی سەربەخۆیی کۆماری ئازربایجان ، ئەم ناوچەیە لە بەلگەنامەی بەلشەفیەکاندا وەك کوردستان ناوی لێنراوە، ئەم بەلگەنامانەش باس لەوە دەکەن کە دانیشتوانی ئەو دوو ناوچەیە کوردن. وەرگیراوە لە:

. (Shirinov,2017,r16 ).

(٢). کۆلخۆز :سیستەمێکی کشتوکاڵی هەرەوەزی ،لە ژێربەڕێوەبردنی سیستەمی یەکێتیی سۆڤیەتی ، کە کۆمەڵی جوتیارانی سەر بەچەند خێزانێك ،کە خۆیان خاوەنی زەوی و بەرهەم بوون، بەڵام بە هەرەوزی کاریان دەکرد، لە ساڵی ١٩٢٨ دەستیپێکرد بەسەر ناوچەی گوندە کوردنشینەکان بە شێوەی فەرمی لە ساڵی ١٩٣٠ جێبەجێکرا، لە سەردەمی ستالین. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

R. W. Davies, The Industrialisation of Soviet Russia: Volume 2: The Soviet Collective Farm, 1929–1930 (Cambridge, Mass.: Harvard University Press, 1980,P1-14.

[3]. خەسرەو بەگ سوڵتانۆڤ:لە گوندی کورد حاجی لە ساڵی ١٨٧٩لە دایك بووە ، لە ١٩٤٣ لە ئەستەمبۆل کۆچی دوایکردووە، چەندین پلەی سیاسی وەردەگرێت لە ماوەی دەسەلاتی کۆماری ئازربایجان، بە داخەوە لە سەرچاوەکان بە نەژادی ئازەری ناو دەبریت،کەچی خۆی بنەچەی کوردە.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەندامێکی گرنگی پارتی موساوات بوو ، ئینگلیزەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەم کەسایەتییە پاساوی خۆیان هەبوو:

١- ئەو سیاسەتمەدارە پەیوەندی نزیکی هەبوو لەگەڵ حکومەتی ئازربایجان.

٢- کورد بوو، واتە لە هەمان ئەو نەتەوە بوو.

ناوچەکانی لاچین،کەلبەچار و قوبادلی خاکەکەی میراتی ئەو بنەماڵەیە بوو، ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بوو، کۆماری حکومەتی ئازربایجان لە ڕێگەی خسرۆ بەگ سوڵتانۆڤەوە، لە هەوڵی ئەوەدابوو کە لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە گروپی چەکداری نیزامی پێکبهێنێت بۆ سیاسەتی خۆی سوودیان لێوەرگرێت(تونویان،میساکیان،٢٠٢٢،ص٤٣٩)هاوکات پێدانی مافەکلتوریەکان بەکەمینە نەتەوەکان بەرەو هەڵکشان چوو، ساڵی ١٩٢٠ ئەم سیاسەتە کوردەکانی ئازربایجانی گرتەوە(دانیال مولەر،٢٠٢٣،ل١٤٠ )،چونکە لە کۆتاییدا ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی سۆڤیەت، لەم کاتەدا گوندە کوردنشینەکانی ئەم ناوچەیە کەوتبوونە ژێر کاریگەری هێرشەکانی کۆتۆرلو بەگ ،کە یەکێکە لە خزمەکانی بنەماڵەی سوڵتانۆڤ ئەم هێرشانە تەنها بۆ ناوچە کوردنشینەکان نەبوو، بەڵکو بۆ گوندەکانی تورکیا و ئەرمەنیش ئەنجامدراون، ئەو هێرشانەش کە دەکرا، ئەگەر هاتوو کوردەکان بەرگریان بکردبا،ئەوا دەبوو بە هۆکاری کوشتنی پیاوەکان و بە تاڵانبردنی سامانی خەڵکی گوندەکە، لەلایەکی دیکەوە هێرشەکانی سەربازی کۆماری ئازربایجان لە هەمبەر ناوچەی لاچین و قوبادلی زۆر قێزەوەنانە ڕەفتاریان کردووە( یلماز،2023،ل٢٤)، ئەوەش بووە هۆی پەیدابوونی چینی ناڕازی، ناڕازییەکان کوردەکانیان هێنایە ناو پرسەکانەوە و لە خۆپیشاندانەکان بەشدار بوون، خۆپیشاندانەکان داخوازییان بۆ چارەسەری چەند پرسێکی بچووک، وەك:دیاریکردنی لە وەرگا، دیاریکردنی شوێنی کێڵگە و گۆڕینی سیستەمی باج بوو ، دەیانویست ئەو پرسانە بۆ کوردەکانی ئازربایجان و ئەرمینیا و جۆرجیا، وەك یەك جێبەجێبکەن .(Бугай,٢٠١٢,c84 ) لە ئاکامی ئەو هێرش و سیاسەتە توندڕەوانە، باری ئابووری ناوچە کوردنشینەکان بە تەواوی لە ناوچوو، هاوکات فشاری کۆمەڵایەتیش سەبارەت بە کوردەکان بەردەوامی هەبوو، بە هەوڵدانی موڵکدار و حوکمڕانانی دەوڵەتی ئازربایجان ، فشار بۆ گۆڕینی زمانی کوردی زیاتربوو، ئەو شێوازە ڕەفتارە وورده ووردە پەلی هاویشت بۆ خەڵکی ناوچە کوردییەکانی تر( تونویان،میساکیان،٢٠٢٢،ص٤٤٠)، کوردەکانی ئەو ناوچەیە لەلایەن موساواتەکان [٤] گاڵتەیان پێدەکرا، موساوات لە ساڵانی سەرەتای پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ڕێکخراوێکی ژێرزەمینیی تاڕادەیەک بچووک و نهێنی بوو، بەرنامەی موساوات کە بانگەوازی بۆ جەماوەری ئازەربایجان کرد و پارتەکەی لە هاوسۆزی موسڵمانانی دەرەوەی وڵات دڵنیا کردەوە، ئەم ئامانجانەی

---

([٤]) پارتی موساوات:ڕێکخراوێکی نهێنی بوو, لەساڵی ١٩١١ دامەزرا ,پشتگیری لە هەندێک بیرۆکەی پان ئیسلامی و تورکی کرد (پان تورکیزم)دەکرد، کە لەلایەن عەلی ڕەسوڵزادە و عەباسگولو کازمزادە و تاغی ناجیئۆغلو دامەزراوە.کۆنترین پارتی ڕامیاریە کە لە ئازربایجاندا هەیە، بەسەر سێ قۆناغدا دابەشدەبێت، موساواتی سەرەتای، موساواتی دەربەدەری و موساواتی نوێ، ناوی سەرەتایی پارتی موسەواتی دیموکراسی موسڵمان بوو. ئەندامانی یەکەم بریتی بوون لە ڤێلی میکایلۆغلو، سەید حوسێن سادیغ، عەبدورەحیم بەی، یوسف زیا بەی و سەید موسەوی بەی. هەروەها ئەندامانی سەرەتایی موساوات بریتی بوون لە سەرکردەی داهاتووی شیوعی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئازەربایجان نەریمان ناریمانۆ، ئەم دەستپێشخەرییە لەلایەن مام ئەمین ڕەسوڵزادەوە دەهات، کە ئەوکات لە ئەستەنبوڵ بە ئاوارەیی دەژیا.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ڕاگەیاند: یەکڕیزی هەموو گەلانی موسڵمان بەبێ ڕەچاوکردنی نەتەوە و ڕێباز ئەرکێکە (مووساپوور،٢٠٢٠،ل٣٢٢).

## ٢-سیاسەتی موساواتەکان بەرامبەر ناوچە کوردنشینەکانی ئازربایجان

لەم ماوەیەدا پارتی موساوات، پشتگیری لە هەندێک بیرۆکەی پان ئیسلامی و تورکی کرد توخمێکی پان تورکی لە بیروباوەڕی موساواتدا ڕەنگدانەوەی هەبوو،کوردەکانی ئازربایجان تاگرتنە دەسەڵاتی بەلشەفیکەکان کەمایەتییەکی نەتەوەیی چەوساوە بوون(مووساپوور،٢٠٢٠،ل٣٢٢ )، پارتی موساوات لە ساڵانی ١٩١٧-١٩٢٠ هێزی سەرەکی بوون لە ئازربایجان دژی شۆڕش و بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردەکان، شەڕی دژی سۆڤیەت و پارتی بەلشەفیکان دەکرد.(Токаржевский, Очерки ,1956,C7) موساواتەکان کە لە مارسی ١٩١٨ ڕاپەڕینێکی چەکدارانەیان لە باکۆ ڕێکخست، پاش ماوەك ناوچەکانیتری کوردیشی گرتەوە، ئەوان لە ٢٧ ئایاری ١٩١٨ لە شاری تفلیس دەوڵەتێکیان پێکهێنا بەناوی "کۆماری ئازربایجان" سەربەخۆییان ڕاگەیاند(مووساپوور،٢٠٢٠،ت٣٢٢ ). ئیدی ئەوان کە هاتنە دەسەڵات نەك تەنها هیچیان بۆ کورد نەکردووە، یاخود بێلایەن بووبن بەرامبەریان، بەڵکودژایەتیانکردوون(هەورامی،٢٠ی،ل٦٣ ). موساواتەکان دەسەڵاتیان وەرگرت هەڵوێستیان بەرامبەر کوردەکان بە هەمان ڕوانگەی ڕووسیای تزاری لە کوردەکانیان ڕوانیوە، کە تەنها دەکرێ دژی دراوسێکان کەڵکیان لێوەربگیرێت، سیاسەتی موساواتیەکان بەرامبەر بەکوردان لە زۆر لاوە لە هی ڕووسیای تزاری توونددتربوو.(Букшпан,1932,c68) بە پێی وتەکانی بوکشپان ،کە خۆی شایەتحاڵی ڕووداوەکان بووە دەڵێت:"باندەکانی پارتی داشناك بە سەرکردایەتی ژەنراڵ(درو) لەگەڵ موساواتەکانی ئازربایجاندا کوردەکانیان ناچار کردبوو، بۆ تورکیا و ئیران ڕابکەن (هەورامی،٢٠٠٦،ل٦٣). موساواتەکان لە ڕێگای نۆکەرەکانییانەوە، وەك فیۆداڵە گەورەکان و فەرمانداری قەرەباخ خەسرەو بەگی سەڵتانۆڤ، بڕیاریان دابوو کە سیاسەتی نەتەوەیی خۆیان بەڕێوەببەن و دەستەی چەکداری پێکبهێنن.لە و ماوەی کە دەسەڵاتیان وەرگرت سیاسیەتی خراپەکاری زۆریان بەرامبەر کوردەکان بە کارهێنا تایبەت لە ڕووی ئابووی و سیاسی. (Букшпан,1932,c68)سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی بە ئاسمیلەکردنییان بۆ کوردەکان بەکار هێناوە، بەمەش هەوڵیان داوە کوردەکان لە کۆمەڵگەی ئازەری بتوێننەوە (مووساپوور، ٢٠٢٠،ل٣٢٦)، ئەم سیاستە ،کە سەدان ساڵ پەیڕەو دەکرا لە لایەن تورکەکانەوە بە تایبەت لە لاچین و کەلبەچار، لەسەر هەمان سیاسەت ڕۆیشتن.(Букшпан,193, c68).موساواتەکان بۆ ڕوونەدانی خەباتی شۆڕشگێڕی کرێکاران بانگەشەی شۆڤێنیزمیان دەکرد.بڵاوکردنەوەی ڕق و کینەی نەتەوەیی هەوڵی کۆمەڵکوژی و خوێن ڕشتن لەلایەن موساواتەکان،وەك ترسێك بوو بۆیان .( Токаржевский, 1956,C7)

موساواتەکان هاوشێوەی حەمیدییەکانی سەردەمی عەبدولحەمید سیاسەتی یەکە کارگێڕییەکان، بە قەزاکردنی ناوچە کوردییەکان یان پەیڕەو دەکرد(هەورامی،٢٠٠٦،ل٦٤). ئەوان بانگەشەی یەکخستنی هەموو موسڵمانانیان دەکرد لە ڕێگای ئایدۆلۆژیا و ڕۆحی پان ئیسلامیزم و پان تورکیزم هێرشیان دەکردە سەرناوچە کوردنشینەکان، تایبەت ئەو گوندانەی کە بەرگریان نەبوو، ئاژەڵ و دانەوێڵەکانیان تاڵان دەکردن، خەڵکەکەیان بە زۆر دەبرد بۆ کارکردن، بۆ چاوترساندنی خەڵك زۆر جار تەقەدەکرا، دەبوایە تێچووی ئەو تەقانەش بدەنەوە ، ئەگەر هاتووپارەکەیان نەدابوا، ئەوە بیانوویان دەگرت و دەست بەسەر سامان و داهاتیان



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

دادەگیرا.(Букшпан,1932 ,с70 ) ئەگەرهاتوو پێچەوانەی ئەوان بجوڵابانەوە ، لەناویان دەبردن. یەك كەس لەو موساواتانە بكوژرابا دەبووە هۆی لەناو بردنی هەموو بنەماڵەكە، ئەگەر هاتوو كوردەكان تۆڵەیان بكردبایەوە دژی موساواتەكان دەبوو زەوی و سامانی خۆیان جێبهێڵن بە بنەماڵەوە ڕابكەن(هەورامی،٢٠٠٦،ل٦٤ ). ئیتر چەوساندنەوەی كوردەكان درێژەی كێشا تا گەیشتە گاڵتەكردن و بە سووك سەیركرنی كوردەكان تەنانەت زمانی كوردیشیان بەسووك سەیر دەكرد ،توانجیان لە زمانەكە دەدا (عەلی،١٩٩٩ ،ل٦٤ ) تا وایلێهات ناوچە كوردنشینەكان واز لە زمانی كوردی دایک بهێنن، لە گوندی (كەماللی و گوندەكانی دەڤەری لاچین سوێندیان دەخوارد تاوەكو واز لە زمانی زگماكی خۆیان بهێنن، واتە زمانی توركی وەك زمانێكی فەرمی قسەی پێدەكرا(Бабаян, Д,2005,с121) ، كەچی زمانی كوردی وەك (زمانێكی داخراو) لە ماڵەكانی خۆیان پێی دەئاخاوتن، یاخوود كۆمەڵی بچووك بچووك قسەی پێدەكرا، بە تایبەت ئەمەش لە ناوچەی لاچین زیاتر ئەم دیاردەیە ڕەنگی دەدایەوە( هەورامی، 2006،ل64). ئەو گروپانە وردە وردە دەبوون بە دوو زمان و كوردییەكە لەبیر دەكراو بە توركی قسەدەكرا(تونویان،میساكیان،٢٠٢٢،ل٤٤٠ ). هەروەها تەنانەت ئەنجامدانی ژن و ژنخوازی لەگەڵ توركەكان و خستنەوەی وەچە، تایبەت خواستنی ئافرەتی تورك هۆكار بوو لە قسەنەكردن بە زمانی كوردی و بەكارهێنانی زمانی توركی.( Букшпан,1932 , с72) موساواتەكان چەمكێكی ڕوحیاندا بە هەندێ لە ڕێبەران و بەرپرسانی فەرمانبەری وەزارەتی پەروەردە ڕاگەیاندنی ئازربایجانی سۆڤێتیی بۆ دژایەتیكردن و بەرێوەنەبردنی سیاسەتی لێنین و چارەسەرنەكردنی كێشەی كەمەنەتەوەكان و كردنەوەی قوتابخانە بە زمانی خۆیان و ، گەشەپێدانی كولتووریان، كە كوردو نەتەوەكانیتری ئازربایجانی گرتەوە (هەورامی،2006،ل67) .هەروەها لە بارەی چەوساندنەوەی كوردەكان، د.كەمال مەزهەر دەڵێت: "گاڵتە پێكردن بە زمان و داب و نەریتیان گەشەی سەند، كورد بۆتە گاڵتەجار و مایەی نوكتە دانان لەسەر یان، لە لایەن موساواتەكان كە توانیان جاروبار خەڵكانێك، بخەنە ناو ئەو گێژاوەوە، هەر لەو دەوروبەرە ژمارەیەك لە دانیشوانی گوندی كوردی سوێندیان خوارد، دەست لە زمانی كودری هەڵبگرن، وەك كەمالینی-ی ناوچەی لاچین"(سیروان مووساپور،٢٠٢٠،ل٣٢٩ ). تا وایلێهات زمانی كوردی ببووە، هۆی مایەی توانج و پێكەنیناوی لە لایەن دانیشتوانەوە، وەك بەكارهێنانی گوزارشتی (كەرەوەرە)بەرامبەر كوردەكان(ڕەسوول،١٩٩٢،ل١٨) لە بارودۆخێكی ئاوا زۆربەی كوردەكانی ناوچەكە زمانی دایكی خۆیان لە دەستدا، بەڵام لە هەندێك شوێن فشاری دەوڵەت دەبووە، هۆكاری ئەوەی كە كوردەكان لە هۆز و گوندەكانی تری ناوچەكە دووربخەنەوە و لە كۆمەڵگە دابڕێن لە شێوەی دوورگە یەک ژیان بكەن، لە بارودۆخێكی ئاوا زمانی توركی وەك زمانێكی فەرمی بڵاوبوویەوە ، لە ژێر ناونیشانی زمانی كراوە (açık dil) ناسرا، مەبەست لەمەش خەڵكی بەشێوەیەكی ئاسان و كراوە دەیانتوانی قسە و پەیوەندی لەگەڵ یەكبكەن (تونویان،میساكیان،٢٠٢٢،ل٤٤٠). سیاسەتێكی دیاری كراو بە مەبەستی ئاسیمیلاكردن و لاوازكردنی هەستی نەتەوەیی كوردان لە ناو یەكە میلیتاریزەكراوەكاندا(ئەو شوێنەی لەژێر دەسەلاتی سەربازیە) جێبەجێ كرا. بۆ ئەو مەبەستەش، ژمارەیەک لە كوردان ڕەوانەی باكو كراون بۆ خوێندن و فێركاری. لە كاتێكدا، لە سیاستی موساوەتییەكانی ئازەربایجان، هیچ پێشنیارێك بۆ دامەزراندنی یەكەیەكی ئیداری .خاكی كوردی نەبوو.
(Бабаян, Д, 2005,с121)

جگە لە پرۆسەی تواندنەوەو بە ئاسمیلەكردن، بەهۆی بارودۆخ و پێشهاتی دیكەوە، دەكرا لەم پرۆسەیە كوردەكان كەمەنەتەوەیەكی دابڕاو بوون لەیەك لە پشت كەفكاز، تایبەت

دابڕانی کوردەکانی هەرێمی نەخچەوان، کە لە گەمارۆیی دانیشتوانی زۆرینەی بەربڵاوی تورکدا بوون، کە شوێنەواری بەجێمابوو(هەورامی،٢٠٠٦،ل٦٥ ). هەروەها لە بارەی ئابوورییەوە بەوانەوە بەسترابوون و زوڵم و ستەمێکی بێوێنەیان لەو خەڵکە کردبوو، لە ماڵیات و باج وەرگرتن تا مافی سوورانە (شەوی یەکەمی بووك، دەیان ڕووداو چیرۆکی ڕاستەقینە هەیە، دەربارەی دەستدرێژی و کوشتن و تاڵانکردن لەلایەن موساواتەکان.( Букшпан,1932,с72) ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ناوچە کوردییەکان لە تاو ئەوان ناچاربوون بۆ ناو خاکی تورکیا و ئیران هەڵبێن و دوای نەمانی دەسەلاتیان توانیان بەرە بەرە بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە(عەلی، 1999،ل١٣٩ ) بوکشپان لە گەشتەکەیدا چەندین ڕەخنە دەگرێت بەرامبەر موساواتەکان، گوایە بەڵێنیان داوەو نەیابردۆتە سەر سەبارەت بە کێشە و چارەسەری کورد باسکراوە، کەچی هیچ هەنگاوێکی ئاڵوگۆڕی ئەرێنییان بۆ کوردەکان ئەنجام نەدا تاوەکو ببێتەهۆی گۆڕانکاری لە ژیانیان و هەنگاو بەرەو گەشەسەندن بنێن( هەورامی،٢٠٠٦،ل٦٤). بێگومان ڕەفتاری شۆڤێنیانەی تورکە موساواتەکان زۆرتر پاڵی بە کوردەوە نا بەدەم کارگێڕانی سۆڤێتیەوە بڕۆن ویپشتگیری لە دامەزراندنی فەرمانڕەوایی بەلشەڤی بکەن.
(Бабаян, Д, 2005,с121)

هەرچەندە ئەو گۆڕانکاریەی کە چاوەڕواندەکرا،لە هاتنی بەلشەڤیکیەکان لەئازربایجان نەهاتەدی، کەچی لە ئەرمینیای دراوسێ هاتەدی (مووساپوور،٢٠٢٠،ل٣٢٩ ). لەوماوە کورتەی دەسەڵاتی موساواتەکان لە ئازربایجاندا بێ پەروا ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵماڵی، پەردەیان لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی شۆڤێنیی خۆیان راماڵی (عەلی،١٩٩٩،ل١٣٨ ). ئەمەریکیەکان لە ساڵی ١٩١٩ بە هاوکاری موساواتەکان هەوڵیاندا پارێزگای گشتی لە نەخچەوان دروست بکەن، ئیدارەی سەربازی خۆیان بناسێنن، ئەفسەرێکی سوپای ئەمەریکا وەك پارێزگای گشتی نەخچەوان دەستنیشانکرا.( Токаржевский,1956,с16 )

موساواتیەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩١٩سەرەتایی ١٩٢٠ تووشی قەیرانی سیاسی و دارایی بوون، لە بەهاری ١٩١٩ لە ناوچەکانی موغان و لەنکەران دەوڵەتی شۆڕەوی دامەزرا، لە بارودۆخێکی ئاوا سۆڤیەت سازی لە ناوچەی ئازربایجان بە خێرایی ڕوویدا(مووساپوور،٢٠٢٠،ل٣٢٢-٣٢٣) ، بێگومان ڕەفتاری شۆڤێنیانەی تورکە موساواتەکان زۆرتر پاڵی بە کوردەوە نا بەدەم کارگێڕانی سۆڤێتیەوە بچن و پشتگیری لە دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی بەلشەفی بکەن، هەرچەندە جێگای داخە هاتنی بەلشەفییەکان بۆ کورد گۆڕانکاریەکی ئەو تۆ ڕوویندا. ( عەلی،١٩٩٩،ل١٣٩) لە ٢٨ نیسانی ١٩٢٠ کۆمیتەی شۆڕش بە سەرۆکایەتی نەریمان نەریمانۆڤ[٥]، مووساواتیەکان ڕووخان و کۆمیتەکە دەسەڵاتی لە باکۆ بە دەستەوە گرت و خۆی وەك دەوڵەتی "کۆماری شۆڕەوی سۆسیالیستی ئازربایجان" ناساند( مووساپوور،٢٠٢٠ول٣٢٢). ناکرێت لە بەرچاو نەگیرێت، کە لە هەندێك شوێن ڕووبەڕووبوونەوەی خوێناوی لەگەڵ سووپای سوور ڕوویداوە(تونویان،میساکیان،٢٠٢٢،ص٤٤٠ ) .هەر چەندە بەلشەفیکەکان ڕژێمی موساواتی شۆڤێنیان ڕاماڵی، بەڵام شوێنەوارییان هەرمایەوە، ڕژێمی نوێ لە زۆربەی قۆناغەکان پەیڕەوی

---

[٥]. نەریمان نەریمانۆڤ(Nəriman Nərimanov) سەرۆکی یەکەمی هێزە ئەنجامدەریی سیاسی لە سەر ئازەربایجان لە چوارچێوەی سوڤیەتی (١٩٢٠–١٩٢٢)بەشی گرنگی بۆ بۆلشوێکی قەفقاز و پلەیەکی سەرەکی بوو لە حکومەتی نوێی سوڤیەتی.( Shirinov Kurdên,2017,r18 )

هەمان سیاسەتی شۆڤێنیانەی موساواتەکانیان دەکرد ، ئەو موساواتانە یەکەم دوژمنی سۆڤیەت بوون تەنانەت دوای هەڵهاتنیشیان بۆ ئیران و تورکیا هەر کۆڵیان نەدا، خەباتی چەکداریشیان دژی سۆڤیەت کرد(عەلی،١٩٩٩،ل١٤٢) .

لە ساڵی ١٩٢١ ئازربایجان ٣٢٧٨٠ هەزار کوردی تێدا ژیاوە. ئەوانە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٢١ بەشداری کارایانکردووە، کۆنفرانسی جووتیارە کورد و خەڵکە بێلایەنەکانی ئازربایجان بەڕێوەچوو، لە کۆبوونەوەی ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٢١، کۆنفرانسەکە پایەیەکی گرنگی هەبوو لە بەرەو پێشبردنی ژیانی کوردەکان، کە تیایدا ڕێکخستی پرسی بارودۆخی ژیانی گەلی کورد تاوتوێکراوە.ئەمەش وەك قوتابخانەیەك وابوو بۆ خۆ ناسین و هەستی نەتەوایەتی کورد.(Бугай ,2012,C84 )ئەوەی جێگای باسە ئەم کۆنفراسە بۆ ئەو کوردانەبوو کە ئەندامی پارتی بەلشەفی بوون، چارەسەری زۆر پرسیی ژیانی ڕۆژانەی کوردەکان لەم کۆنفراسەدا دۆزرایەوە،( عەلی،١٩٩٩،ل١٤٢).

هەر لە هەمان ساڵدا لەکاتی سەرژمێری گشتی یەکێتیی سۆڤیەت ئیلزاڤێتپۆل بەسەر ٨ ئوێزد ، دابەشکرا ٦ لەو ئوێزدانە کەوتبوونە کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەتی، دووبەشەکەیتر لە نێوان ئازربایجان و ئەرمینیا دابەشکرابوو، ئازربایجان زۆربەی بەشەکانی کازاخستان و زەنگیزۆری خۆی کردبووە خاوەنی،ئەمەش بەواتای ئەوەدێت کە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای ئیلیزاڤێتپۆلی پێشوو ، لە چوارچێوەی کۆماری ئازربایجان دابوون، بەشێك لە ناوچەی زەنگیزۆر گواستراوە بۆ ئازربایجان و ناوەکەی گۆڕدرا بۆ قوبادلی( تونویان،میساکیان،٢٠٢٢،ص٤٤٠)،ئاشکرایە بەلشەفیکەکان و کارگێڕانی سۆڤێتی لە ناوچەی کەفکاز و ئازربایجانیش لە خەباتێکی سەختدابوون، بۆیە هەوڵیاندا سوود لە کورد و کەمەنەتەوەییەکانیتر وەرگرن، بۆ بەهێزکردنی خۆیان، کوردەکانیش لەوکاتەدا زۆر هەژار و نەداربوون، جگە لەوەش بەدەست ئاغا و دەرەبەگەکانەوە دەچەوسێنرانەوە ، وەك نامۆ و بیانی سەیردەکران، کوردەکان توانیان سوود لە ڕژێمی سۆڤێتی تازە دامەزراو وەربگرن، وە توانیان خۆیان ڕێکبخەن خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بکەن، لە هەمان کاتدا بەلشەفیکیەکان بەرامبەر ئەوە سوودیان لە پشتگیری کورد وەردەگرت. جێگەی پێی خۆیان بەهێز دەکرد (عەلی،١٩٩٩،ل١٤١).

لە ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ یەکێتیی سۆڤیەت لە لایەن ڕووسیا و ئۆکرانیا و بیلا رووسیاو بەشە کەفکازییە فیدراڵیەکان بەناوی کۆماری سۆسیالیستی یەکێتیی سۆڤیەت بە سەرۆکایەتی ڤلادمیر لینین پێکهێنرا. هەڵبەتە ئەمەش دوای گفتوگۆ و وتووێژێکی زۆر بوو(ئەبوبەکر،٢٠٢٣،ل٤٦ ).لە ساڵانی بیستەکان کوردەکان خەباتیان تەنیا بۆ دەسکەوتنی سیاسی و ئۆتۆنۆمی نەبوو ، بەڵکو بۆ چارەسەری گوزەران و بەدەستهێنانی پێویستی ڕۆژانەشیان لە خەباتدابوون، وەك باسکرا کە کوردەکان بژێوی ژیانیان بە ئاژەڵداریی و جووتکردن بەدەست دەهێنا، هەربۆیە خەباتیان بە زۆری بۆ بەدەستهێنانی لەوەڕگە و زەوی بوو، هەروەها گواستنەوەیان گۆڕانکاری بوو لە کۆچەرییەوە بۆ نیشتەجێبوون و دابەشکردنی زەوی بوو، ئەویش نەك تەنها بەسەر کۆچەرەکاندا، بەڵکو بەسەر ئەو گوندییە نیشتەجێیانەشدا، کە خاوەنی زەوی نەبوون (عەلی،١٩٩٩،ل١٤٠) .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، موساواتەکان هێزی سەرەکی بوون دژی شۆڕش و ئازادیخوازی کوردەکان و شەڕی دژی سۆڤیەت و بەلشەفیەکان دەکردن. بە شێوەیەکی گشتی ،پەیڕەوکردنی، سیاسەتی شۆڤینیستی فشاری ئابووری، بە زۆر دەیانیردن، بۆ کارکردن،



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

کوردەکان لەو کاتەدا هەژارو نەداربوون. هەربۆیەش کوردەکان، پشتیوانی هاتنی سۆڤیەتیانکرد، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و ژیانێکی باشتر.

٣-سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە کوردەکان

دەسەڵاتداری سۆڤیەت لە ئازربایجان لە ٢٣ ی نیسانی ١٩٢٠ هاتە دامەزراندن ( هەورامی،٢٠٠٦،ل١٣). کوردەکان هەر لەو کۆمارو ناوچەیە مانەوە( ڕەشید،٢٠١١،ل٣٥)کورد لەو گەلە ستەم لێکراوانەیە، کە کەمترین دەرفەتی سوود وەرگرتنی وەرگرت، لە یەکێتی سۆڤیەت جگە لەمەش لەگەڵ زۆرێك لە گەلانیتر بوونەتە قوربانی.(Аскеров Г.2007,с8,) بەهۆی ئەوەی کوردەکان زیاتر ژیانیان کۆچەری و ئاژەڵداری بوو، بەهۆی زۆر جێگیرکردنەوە مەروماڵاتیان لە دەستدا، زۆربەشیان ناچار بەهۆی سیاسەتی سۆڤێەتەوە، تاوەکو لەتێک نان پەیدابکەن، ناچار بۆ ناوچەی خۆیان بە جێهێشت، کۆچیان کرد ، بەرەو ئیران و تورکیا لەوێش بەبێ ئیش وکارو مانەوە، دووبارە ڕۆیشتن بەرەو شارەکانی تری ڕووسیا، خەمبارترین و تراژیدیاترین بەسەرهاتی کورد لە چاو بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، بەر کوردستانی ژێر دەستی ڕووسیا کەوتووە، کە کوردەکان لە نیشتمانی خۆیان دەرکراون، سەرەنجام ناسنامەی کوردیان سڕیوەتەوە(هەورامی،٢٠٠٥،ل٤٥). هەرگیز کوردەکان لە ڕوانگەی حکومەتی سۆڤیەتەوە لە ڕیزی شارنشین ، یان کرێکاری کارگەدانەبوون، کە بتوانن کلتورێکی پرۆلیتاریایی کوردی بنیادبنێن، پێش بە سۆسیالیستکردنی زەویەکان، تا ڕادەیەك ژیانی هەموو خێڵە کوردیەکان، نیوە خێڵەکی بوون(یڵماز،٢٠٢٣،ل٤٢)،سۆڤیەت لە هەنگاوە پێشکەوتووەکانی خۆی باسی ئەمانەی کردبوو:

١-نیشتەجێکردنی کوردە کۆچەریەکان.

٢-نەهێشتنی دەسەلاتی ئاغاو دەرەبەگ و شێخی کوردو دابەشکردنی زەوی و زارەکانیان.

هەر ئەو دوو هەنگاوەی سەرەوەش، کە باسکرا گەورەترین کارەسات و برسێتی و هەژاریی بۆ کورد بەدواوەبوو (هەورامی،٢٠٠٦،ل٤٥.).سەبارەت بە هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر کورد وکێشەکەی لەسەردەمی بەلشەفیەکان تا کۆتایی کۆمۆنیستانە هیچ بەڵگەو دۆکۆمێنتێکمان بەردەست نەبووە کە پەیوەندی ڕاستەو خۆ یاخود بەرنامەکی تایبەت لە نێوانیان دا هەبێت؛ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی پرنسیپەکانی خۆیاندا لەسەرکاغەز بانگەشەیان بۆ دەکرد( سعید، ٢٠٠٩،ل١٢٩ ) لەلایەکی دیکەوە، سەندنەوەی زەوی و زار یا لەوەڕگە لە ئاغاو شێخ و دەرەبەگی کوردو دابەشکردنیان بەسەر ئەرمەنی و ئازەری هاوردە، ئەمە یەکێکە لە تاوانەکانی ڕژێمی سوڤێتی دەرحەق بەم گەلە کلۆڵە، ئەو ئاغاو شێخ و دەرەبەگانە سەرەڕای چەوساندنەوەی کوردەکانی ژێر دەستیان، کە کەس ناتوانێت پاکانەیان بۆ بکات، بەڵام هەر هێچ نەبێت ، نانێکی مەمرەو مەژیان بە کوردەکانی ژێردەستیان داوە، کەچی دەسەڵاتدارانی سۆڤێت و ئەرمەنی و ئازەری، لە باتی ئەوەی زەویەکانیان بەسەر کوردەکان دابەشبکەن، بەسەر گەلانی غەیرەکورد دابەشیان کرد، یان کردوویانەتەماڵی حکومەت و ماڵی گشتی کەڵخۆزو سەڤخۆزی لێ دروستکراوە، کە زۆربەی فەرمانبەرو کرێکارەکانیان کورد نین( هەورامی،٢٠٠٦،ل٤٥). حکومەتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢٠ دا وەك مۆدێلی بە مۆدێرنکردن لە ئازربایجانی دەڕوانیکە دەکرا بە ئیران و تورکیا بناسرێنە بەشی زۆری کوردەکان لە (تورکیا،ئیران و ئێراق) دەژیان، دەکرا سیاسەتی پراکتیککراو بۆ کەمینەی کوردی ئازربایجان بە نموونەی باشی سیاسەتی ناسیۆنالیستی سۆسیالیستی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابندرێت( یڵماز،٢٠٢٣، ل٢٧.)،سۆڤیەت هەوڵی پاوانکردنی بەرژەوەندی وڵاتانی ئەورووپی دەدا لە خۆرهەڵاتی


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

ناوەراستداو لە هەمانكاتدا چەکی دیبلۆماسی و سەربازی و ئابوری و ئایدۆلۆجی بە پێی خواست و جۆری ململانێکان و سروشتی ژینگەو سیاسی نێودەوڵەتیەکە بەکاردەبرد، بۆنموونە لە (کۆنگرەی گەلانی خۆرهەڵات)دا کە لەشاری (باکۆ) لە ئەیلولی ١٩٢٠ دا ، بە سەرپەرشتی (کۆنگرەی شیوعی نێودەولەتی) بەڕیوە چوو، سۆڤیەت پرەنسیپی ڕزگارکردنی گەلانی کۆلۆنیکراو نیمچە کۆلۆنیکراوی لە ستەم و چەوساندنەوەی هێزە کۆلۆنیاڵ و داگیرکەرو چەوسێنەرەکان راگەیاند( سعيد، ٢٠٠٩،ل١٢٦).ناوچەیەکیان لەژێر دەسەڵاتی بنیادنەران نەتەوەبوو، کە چاودێری هاوجۆرسازی کوردەکانیان دەکرد، یان لە ژێردەسەڵاتەکانی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی وەك ئامێرێك سەیری کوردەکانیان دەکرد، کە دەکرا سوودیان لێوەربگرێت، سەرەنجام کوردەکانی سۆڤیەت دەیانتوانی شوێنی خوازراوی هاوزمانیان لە وڵاتانی دیکە ببینن و گرەنتی پابەندبوونیان بە سۆڤیەتەوە بکات( یلماز،٢٠٢٣،ل٢٧ ) لە ٢ ئازاری ١٩٢٢ کۆنفراس کراوە بۆ نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی ئازربایجان و یەکێتیی سۆڤیەتی ئەرمینیاو جۆرجیا، هەڵساون بە دامەزراندنی یەکێتیی کۆمارە شۆسیالیستەکانی سۆڤیەت"سۆسیالیستی".( Бугай,2012,C85 ). سیاسەتی سۆڤیەت دەرهەق بە کوردەکانی ئازربایجان، بەشێك لە دیاردەکانی فرەلایەنەبووە، پێش هەموو شتێك کوردەکانی ئازربایجان چیانشینی نیوە هۆزێکبوون و دەرئەنجامی پراکتیککردنی سیاسەتی مۆدێرنیزاسیۆنی پراکتیك کراو لە شانشینی سۆڤیەت، جەوهەرەکەیان گۆڕاوە. کوردەکانی ئازربایجان لە یەکێتیی سۆڤیەت ناسنامەی نەتەوەییبوون و بەمەش سیاسەتی نەتەوەیی سەرانسەری ئەو ساڵانە گرتوونیەتەوە( یلماز، ٢٠٢٣،ل٢٤.) . لە ٣٠ کانوونی دووەمی ١٩٢٢ کۆمەڵەی نوێی کۆمارەکان دەچێتە پاڵ یەکێتی سۆڤیەت. کورد لە رووی ژمارەوە پێکهاتەیەکی زۆر بوو،ژمارەیان نزیکەی ٦٥ هەزار کەس بوو، لەو ژمارەیە ٤١ هەزار کەسیان لە ناوچەی ئازەربایجان و ١٥٠٧هەزاریان لە ناوچەی ئەرمەنستان و٨ هەزار کەسیان لە ناوچەی جۆرجیا بوون. هەروەها پرۆسەی دروستکردنی ناوچەیەکی سەربەخۆی خاکی کوردی لەسەر خاکی ئازەربایجان بە دۆخێکی سەختداتێپەڕی.( Бугай,2012,C85 ) .هەوڵی حکومەتی سۆڤیەت لە پێدانی مافی کەمینە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بێگوێدانە پێگەو شوێنی ئەم کەمینانە، بە ئاسانی ئەم سیاسەتانەی دەکردە بڵقی سەر ئاو، ئەوان وایاندەزانی بە پێدانی مافەکلتوریەکان بە کوردەکان ، ئەوان چیدی دژایەتی زۆربەی تورکەکانی ئازربایجان ناکەن، بەلشەفیکیەکان ناچاربوون بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەی نوێکردنەوەی خۆیان، ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە بپارێزن و ئەمەش ئەرکێکی ئاسان نەبوو( هارون یلماز، ٢٠٢٣،ل٤٣).

تەوەرەی دووەم : دامەزراندن و لە نێو بردنی ئویێزدی کوردستان(1923-1929)

-1هۆکارەکانی دامەزراندنی ئویێزدی کوردستان.

کورد رێژەیەکی زۆری دانیشتوانی کۆماری ئازربایجانی پێکهێناوە، لەهەموو شارو شارۆچکەکان (قادر،دەستنووسی بڵاونەکراوە،ل١٠) ئویێزدی کوردستان[٦] چەمکێکە لە سەردەمی

[٦]. ئویێزد، یەکەیەکی کارگێری-خاکییە لە ئیمپراتۆریەتی رووسیا (تا ساڵانی ١٩٢٠). بەشێک بووە لە هەرێمێک و لە چەند ڤۆلۆست (شار، شارۆچکە، گوند) پێک هاتبوو، ناوندێکی هەبوو.دوای شۆڕشی ساڵی ١٩١٧، وردە وردە ئویێزدەکان هەڵوەشێنرانەوە (لە ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٩)، لە شوێنی ئەوان دەستەواژەی ناوچە جێگیرکران



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ٣

ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و یەکێتیی سۆڤیەت بەکارهاتووە، وەکو یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆ یان ویلایەت لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا هەبووە(گۆڕۆنی،لێدوان،2025)، کە لەناو کوردا بە کوردستانی سوور ناسراوە،یا قەزای کوردستان ( بە ڕووسی ئویێزد [٧]) بە زمانی ئازەریش (قزل کوردستان) ( کەریم،٢٠٢٠،ل٥٣). یەکەیەکی کارگێری و ئەتنیکی بوو لە ئازربایجانی سۆڤیەتی لە سالانی١٩٢٣-١٩٢٩. ئەم هەرێمە ناوچەیەکی فراوانی لە سەر سنوورەکانی ئازربایجان و ئەرمینیا ( ئەرمەنستان) گرتبووە خۆ . نەگۆڕنەکەرەباخی لە ئەرمینیا جودا دەکردەوە (قادر، دەستنووس ،ل١١) . زۆرینەی سەرچاوەکان ئاماژە دەدەن ؛ کەوا لە ساڵی ١٩٢١ بۆ یەکەمین جار ئەو هەرێمە بە کوردستان نێوبرا ، دواتر قۆناغ بە قۆناغ ئەم ئوێزدە (یەکە ئیدارییە) بچوک کرایەوە، تاوەکو ساڵی ١٩٣٢ بە تەواوەتی وەک یەکەی کارگێڕی بوونی نەما. هۆکارەکانی دروستبوونی زۆر و هەمەجۆرن. لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە سەرکردایەتی (لێنین)دەرگای ئاسۆیەکی گەش بە ڕووی گەلانی بێ دەوڵەتی دونیا کرایەوە، بەوەی کە مافی چارەی خۆنووسین دەدات، بۆ هەموو گەلانی جیهان. (ئەبوبەکر،لێدوان،٢٠٢٤).شۆڕشی ئۆکتۆبەر کارکردەی مەعنەوی زۆری هەبوو لەسەر کێشەی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستاندا (ڕەزا،١٩٩٧،ل٣٧)، ، جێگای ئاماژە پێدانە لەگەڵ مردنی لێنین و هاتنە سەر دەسەڵاتی ستالین، گۆڕانکاری تا ڕادەیەک بەسەر ڕێڕەوی کارکردنی سیاسی و ئیداری چۆنیەتی کارکردنی یەکێتیی سۆڤیەتیدا هات.

.هەر بۆیە نەمان و هەڵوەشاندنەوەی ئویێزدی کوردستانیش بە پێی زۆرینەی سەرچاوەکان، بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گەڕێندراوەتەوە بۆ هاتنە سەر دەسەڵاتی ستالین هەر بۆیە، بە

---

لە توێژینەوەکەمان مەبەستمان لە ئویێزدی کوردستان (کوردستانی سوورە) کە ئەم چەمکە ئێستا بەکاردەهێنرێت لە لایەن مێژوونووسان و توێژەران ، ئێمە بۆیە ئوێزد بەکاردەهێنین چونکە ئەو سەردەمە بەو ناوە هاتووە(ئوێزدی کوردستان.

[٧].ئویێزدی کوردستان: لەم توێژینەوە ئاماژە بەچەمکی ئوێزدی کوردستان دەدەین، لە هەموو توێژینەوەکە ئەم چەمکە بەکاردەهێنین چونکە، لەو سەردەمەدا شتێك نەبووە بەناوی (کوردستانی سوور) تەنها بە ئویێزد ناونراوە.

کوردستانی سوور: بە شێوەیەکی مێژوویی و تایبەتی کوردانەیە، هەستی نەتەوەیی دەبەخشێت و پەیوەندیی زیاتر بە ژیان و هاوڕێی کوردان دەگرێتە خۆ.

ئۆیێزد: بە شێوەیەکی حکومەتی و فەرمی سۆڤیەتی، هەرێم و ناوچەکان دەردەکەوێت، بەڵام بارودۆخی مێژوویی و نەتەوەیی کەمتر هەیە.

جا ئێمە وەك توێژەرێك ئەگەر چی کوردین و شانازی بە کوردایەتی خۆمان دەکەین، بەڵام دوور لە هەست ،سۆزو بێلایەن کاردەکەین، بۆیە ئویێزد هەڵدەبژێرین لە توێژینەوەکەماندا. . زانیاریەکان وەرگیراون لە لێدوانی گۆڕۆنی، خالید نجم‌الدین، کە بۆ ماوەی نزیک بە ٢٣ ساڵە لە فدراسیۆنی ڕووسیا دەژی. ئەو کەسێکە بە تەواوی شارەزایی زمان، کەلتور و مێژووی ڕووسیا هەیە. خالید نجم‌الدین وەک چالاکێکی ڕۆشنبیر ناسراوە و خۆشی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر هاتۆتە ژیان..



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

شێوەیەکی لۆژیك ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوو، وا ئاراستە دەکرێت، مانەوەی لێنین لە ژیاندا دەبوو بە هۆکاری بەردەوامی ئەم ئوێژدە.

کاتێک نووسەران باس لە هۆکاری دامەزراندنی ئویێزدی کوردستان دەکەن ، دیدو بۆچوونی ناکۆک و دژ بەیەك دەخەنە ڕوو . بۆچوونی نووسەرانی ئەرمەن هەوڵێکی ئازەرییەکان بوو؛ بۆ بەکارهێنانی کورد لە دژی ئەرمەن و دابڕاندنی هەرێمی ناگۆڕنی – کەرەباخ لە ئەرمەنستان . لە هەمان کاتدا هەوڵێکی مۆسکۆ بوو بۆ لەنێوبردنی دوا پێگەی سەربەخۆیی گەلی ئەرمەن لە ناوچە چیاییەکانی باشوری کەفکاز؛ بۆ ئازەرییەکانیش ئویێزدی کوردستان ئامێرێک بوو بە دەست مۆسکۆوە، بۆ فشار خستنە سەر ئازەرییەکان بۆ ئەوەی ناچاریان بکات گوێڕایەڵ و ملکەچی مۆسکۆ بن، لە بوارەکانی ئەمە نەوت و پەیوەندی لە گەڵ جیهانی تورکیدا . ترسێکی دیکەی ئازەرییەکان لەم هەرێمە لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ٨٥ % سەرچاوەکانی ئاوی ئازربایجان لە ئوێژدی کوردستان بوو. بۆ مۆسکۆش دەبوایە کوردستانی سور ڕێگر بێت، لە بەریەککەوتنی ئازەری و ئەرمەنەکان و دەروازەیەکیش بێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانی شۆڕشی ئوکتۆبەر و پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەتی بە کوردانی ڕۆژهەڵاتی(قادر، دەستنووس ،ل٢٠).بەلشەفییەکان بەڵێنیان دابوو مافی چارەنووس و ئۆتۆنۆمی بدەن بە هەموو گەلانی ژێر دەستی یەکێتیی سۆڤیەت، گەلی کوردیش کە یەکێکە لەو نەتەوە دێرینانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیای تەزاری و یەکێتیی سۆڤیەتی میراتگیری دەژیان. هەوڵیاندا سوود لەو پرەنسیپە وەربگرێت، کە لە بەیاننامەی مافی نەتەوەکانی ڕووسیا لە ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩١٧دا جاڕدرا، بێگومان ئەو بنەمایانەش لە دوای ساڵی ١٩٢١ دوای چوارەمین کۆنگرەی سەرانسەریی بە کردەوە کەوتەکار(ڕەشید بێشوونی، ٢٠١٥،ل٢٧). لە سەرەتای ساڵی ١٩٢١ بەلشەفییەکان سەرکەوتوو بوون، لە لکاندنی بەشێک لەوڵاتانی ئازەربایجان و ئەرمینیا بە یەکێتیی سۆڤیەت، سنووری هاوبەشی لەگەڵ هەردوو دەولەتی تورکیا و ئێراندا هەبوو، سۆڤیەت سەرکەوتوو بوو لەبەستنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٢١ لەگەڵ حکومەتە نێودەوڵەتییەکانی تورکیاو ئێران، لەو پەیمانانە یەکێتیی سۆڤیەت بەشداری لە پرۆسەی دابەشکردنی کوردستاندا کرد. ڕەنگە دیارترین ئاماژە بۆ ئەم ڕاستییە، ئەو یاداشت و نامەی ئاڵوگۆڕی نێوان حکومەتی سۆڤیەت و حکومەتی کەمالیستی لە تورکیا بێت(کۆچی،١٩٩٠،ص٢٣)،لە ساڵی ١٩٢١ حکومەتی ئازربایجان کۆمەڵێك ڕێکاری بەپەلەی گرتەبەر، بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ خەڵکی برسی لە دەڤەرە جیاوازەکاندا(هەسرەتیان،٢٠٢١،ل٤٢٣) . کوردستانیش بێبەش نەبوو لەم برسێتیە، کە چەند کەسێك لەم ئاماژەدانە ڕۆڵیان هەبوو، لەوانە چنگیز ئیلدریم[٨] ،لە ئایاری ١٩٢١ لە یەکەم

[٨]. . چنگیز ئیلدریم: یەکێکە لە نێو کەسایەتیە بەناوبانگەکانی کوردی ئازربایجانی سۆڤیەت لە سەدەی بیستەمدا ،پێگەی تایبەتی هەیە، ناوی ڕاستەقینەی چنگیز ، سوڵتانوف بوو، بەڵام بەپێی نەریتی کوردی ئەو هەمیشە خۆی بە چنگیز ئیلدریم ناساندووە، بۆیە بەم شێوەیە لە بەڵگەنامەکاندا تۆمارکراوە، لە ١٠ تەمموزی ساڵی ١٨٩٠ لە گوندی کوباتلی سەر بە پارێزگای ئێلیزابیل زە پۆتس(گەنجە)، لەدایك بووە. لە بنەماڵەی سوڵتانۆڤ، کە بنەماڵەیەکی دێرین و ئەرستۆکراتی کوردستانی کەفکازە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو، دەرفەتی خوێندنی بۆ ڕەخساوە، یەلدرمی باوکی توانی قوتابخانەیەك لە کوباتلی بکاتەوە،و هەردوو کوڕەکەی (جبارو چنگیز ) لە دوای تەواوکردنی

کۆنگرەی ئەنجومەنە سەرانسەریەکانی ئازەربایجان ، لە سەرەتایی ساڵی ١٩١٩ چنگیز دەگەڕێتەوە بۆ ئازربایجان، وەك ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەتی گشتی کەرەباخ لە کۆماری دیموکراتی ئازربایجان چنگیز،دوای وەرگرتنی چەند پۆستێك ودواتر لە پۆستیکی ناشایستە و زۆر مەترسیدار، وەك دەسەڵات پێدراوی ئەنجومونی کۆمسیاریای گەل و دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی ئازربایجان بۆ کۆکردنەوەی باجی خۆراك دەستنیشانکرا. ئەو لەو پۆستەدا هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ، بۆئەوەی بەجۆرێك لە جۆرەکان هاوکاری خەڵکی برسی بکات.

---

قوتابخانە لە گوندەکە، لە پەیمانگای شووشی درێژەی بە خوێندن داوە، بەهۆی سروشتە چالاك و بزێوەکەی کەوتە نێو ڕووداوە شۆڕشگێرەکان، یەکێك بووە لە و بەشداربووانەی کە لە سانت پتیربورگ هێرشی کردە سەر کۆشکی زستانە، لە ساڵانی ١٩١٧–١٩١٩ لە کۆمیتەی گەلی نەتەوەکانی ڕووسیا کاری دەکرد؛ بەڕێوەبەری کاروباری موسڵمانەکانی ڕووسیا بوو،لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا، کرا بە بەڕێوەبەری بەشی کۆمیتیەی بەڕێوەبردنی کاروباری نەتەوەکان لە ناوچەی چنگیز لەشاری دینۆپترۆفس، لەلایەن دەزگای ئین ك ڤ.د.(دەسەڵاتداریەتی کاروباری گەل) دۆسیەی تاوانکاریان بۆکردەوە، لەسەر بەرگی دۆسیەکەی مۆری (بۆ هەمیشە بیهێڵەرەوە)ی لێدرا. تۆمەتی ئەوەیان خستەپاڵ کە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ، بەشداربووانی پیلانگێڕیەك دژ بە شۆڕش لە باکو.بە تێکدەر و ئاژاوەگێڕ، هەروەها بە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە کاتی دروستکردنی ماگنیتۆگۆرسک، سیخوڕیکردن بۆ ئەمریکا (گوایە، لە ماوەی مانەوەی لە ئەمریکا، "لەلایەن هەواڵگری بیانییەوە وەرگیراوە") تاوانبار کرا. دۆستایەتی نزیکی، لەگەڵ گ.ک. ئۆرجینۆکیدزێ و س.م. کیرۆڤ لە بەر چاو گیرا. لێپرسین لە دنێپرۆپترۆڤسک و باکۆ (لە زیندانی بایلۆڤسکی لە ژوورێکی تاکەکەسیدا) ئەنجامدرا. لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا چەندین جار بە ئۆتۆمۆبێلێکی تۆڕبەند (تایبەت بە گواستنەوەی زیندانیان) ، لە دنێپرۆپترۆڤسکەوە بۆ باکۆ گواسترایەوە. لە باکو زیندانیکرا، دواتر گواستراوە بۆ مۆسکۆ(زیندانی لێفۆرتۆڤۆ). دواتر دیسان گەڕاندیانەوە بۆ باکو، بەم شێوەیەك چەند جارێك. پاشان گواستراوە بۆ دۆزەخترین زیندانی ڕووسیا،( ئەو شوێنە پێشووتر خانەقای سوخانۆڤ)، هەر لەوێش گوللەبارانکردنی بەسەردا سەپێنرا. بە خزمەکانی گوترابوو، کە لەکامپی سزای دەساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنراوە، بەبێ ئەوەی مافی نامەگۆڕینەوەی هەبێت، لەسەرەتای جەنگی جیهانی دووەم، وەك دوژمنی گەل، گوللەبارانکرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

- Полонский, Лев,١٩٦9,Комиссар Ильдрым, Издательство «политической литературы», Москва.
- Маммад ,Лятиф 'Чингиз Ильдрым — курдский советский государственный деятель,2011-09-02,Kurdistan.ru,https://kurdistan.ru/,01.05.2025.
- Аскеров Г.2007, Курдская диаспора в странах СНГ. 1-е изд. Бишкек: Издательство «Зангазур».



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

(Маммад ,kurdistan.ru,01.05.2025,). له مانگی ئایاری ١٩٢١ له یەکێك له دانیشتنەکانی کۆمیتەی ناوەندی جێ بەجێکاری ئازربایجان، فەرماندەی بە ناوبانگی بەلشەفیکی و هێزی دەریایی سووری ئازربایجان و وەزیری گواستنەوە،چنگیز ئیلدرم یەکەمین کەس بوو باسی کوردەکانی کرد، کە هەژارو برسین(Аскеров Г, 2007,с55 ) چنگیز ئیلدرم بە رەچەڵەك کورد، له کۆنفراسی ئازربایجان باسی کوردەکانی کرد، کە (کوردستانی سوور) ئاوا ئاماژەی بۆدا کە هەرێمێکی برسیەو داوای کرد، کە بە هانای خەڵکی ناوچەکە بێن، کە گوایە ئەوان خەڵکی هەژارو برسین بەشێکیان، لە ئەشکەوتەکان دەژین، ئەنجا لیژنەیەکیان دروستکرد(قادر، دەستنووسی بلاونەکراوە،ل١١) ، ئەو ناوچەی قوبادلی کرد بەگۆڕستانێك چوواند کە تووشی قات و قوڕی بووە، هەروەها لە یەکەم کۆبوونەوەی گشتی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ناوەندی ئازربایجان لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندرا کوردستان دەستەو یەخەی برسیەتی بۆتەوە (مولەر،٢٠٢٣،ل١٤٥) ، ئەو ڕایگەیاند ئەو ناوچەیە دووره دەستەو یارمەتی نادرێت .

(Аскеров Г, 2007,с55 ) ئەگەر هاتوو لێرەدا بەکارهێنانی ئەم چەمکە سەرکەوتووبێت، دەبێت بڵێن: ئەم یەکەم ئاماژەیە بەکوردستان وەك بەشێك لە خاکی کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت. .(مولەر،٢٠٢٣،ل١٤٥)

بەداخەوە، چنگیز ئیلدرم، کە کوردەکی ڕۆشنبیر سەرمایەدارو کۆمۆنیست بوو و خەڵکی ناوچەی ئوێزدی کوردستان بوو. کەچی نەکرایە بە سەرۆکی قەزا (ئویێزدی کوردستان) ؛ بەرامبەر، کەسێکی ئازەری هێنرا. ئەم بڕیارە لە چوارچێوەی سیاسەتی ستالین دەبینرێت، کە ڕێگری لە تەشەنەکردنی هەستی نەتەوەیی و سیاسیی کوردەکان بوو.

لە کۆنگرەی ڕۆژی ١٤ تشرینی دووەمی ١٩٢١ دا باکینسکی رابوچیی کە کۆمسیاری سوپا و خاوەن پلەوپایە بوو لە هێزی دەریایی گەلی سۆڤیەت، لە لێکدانەوەی وتارەکەی کاراییف نووسی:"فۆلگای نوێ لە گۆشەیەکی خاکی ئازربایجانی سۆڤیەت هەڵتۆقی،کوردستانی سوور ئەم ساڵ برسیە، کوردستانی سوور لە برسیەتی ڕزگاربکە.( Muller,2000,p48 ) لە هەمان ڕۆژی مانگی تشرینی دووم، نەریمان نەریمانۆف، سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمسیارانی گەلی ئازربایجانی بۆ لێنین ڕایگەیاند (م.ئە.هەسراتیان،٢٠٢١،ل٤٢٣)، کردنەوەی بانك بە تەنیشت ئاهەنگە ئاساییەکانی دیکە و تەرخانکردنی (٤٠،٠٠٠،٠٠٠) چل ملیۆن ڕۆبل لە داهاتی دەستکەوتەکانی بانك بە قازانجی ڤۆلگاو کوردستانی هاوشانی ئاهەنگ کرا. (Muller,2000,p48) ئەو بەلێنینی ڕاگەیاند، کە بانکی دەوڵەتی ئازربایجانیان کردۆتەوە، ئەو بڕە پارەیە کە باسکرا، تەرخانکراوە بۆ ڤۆلگاو کوردستانی برا ، لێنین لە دوای سێ ڕۆژ وەڵامی نامەکەی دایەوە لە ١٨ تشرینی دووەمی ١٩٢١ کە بە خشینی ئەو بڕە پارەیە بۆ برسیەکانی کوردستان هێمایەکە بۆ ئیرادەی کرێکاران (پرۆلیتاری) ،کە وایە وەڵامی لێنین بۆ ئەم بڕە پارەیە ئەرێنی بووە ، بۆ هاوکاریکردنی خەڵکی برسی ئەم دوو ناوچەیە (.Аскеров Г., 2007,с55).

بیرۆکەی دروستکردنی ئەم ئوێزدە کوردیە ، لە سالی ١٩٢١ هاتەکایەوە. لە ٣ تشرینی یەکەمی ١٩٢١ کۆمسیاری گەل تایبەت بە کاروباری گەلان ،بە سەرۆکایەتی جۆزیف ستالین، لە ڕۆژنامەی "ژیانی گەلان" بەناونیشانی "کۆمارەکانی سۆڤیەت لە کوردستان" لە وێدا زانیاری داوە کە پرسی دروستکردنی کۆماری کوردستان، لە لایەن سۆڤیەتەوە بە جددی تاوتوێدەکرێت (Аскеров Г, 2007,с56 ).

ئویێزدی کوردستان، له ماوەی چوار دانیشتن و کۆبوونەوەدا له ڕۆژی (٢١تشرینی یەکەم، ٢٢تشرینی دووەم ،٣٠کانوونی یەکەم ١٩٢٢، ١٣ کانوونی دووەمی ١٩٢٣.( Бабаян, 2005,c115) دەرئەنجامی ئەم چوار کۆبوونەوەیە کە باسکرا، بەهۆی ناکۆکی لەسەر سنووری ئویێزدی کوردستان نەیتوانی ئەم پرسە چارەسەر بکات و بڕیاربدات. ئەندامانی لیژنە یەك دەنگ بوون، له نێو ئەندامانەکانیدا ناکۆکی له سەر سنوورەکانی هەرێمەکە هەبوو (قادر،دەستنووس ،ل١٢) . ئەوان لەگەڵ دامەزراندنی ناگۆڕنی کەرەباخ بوون؛ دژایەتیان نەدەکرد، بەڵکو بە مافی خۆشیان دەزانی. بەڵام کە قسە دەهاتە سەر کوردستان (غەفوور،١٩٩٤،ل٥٥)، تایبەت ناوچەی قوبادلی کێشە دروست دەبوو، لەبەرئەوەی ڕێژەی کورد لەو ناوچەیە کەم بوو لە چاو ناوچە کوردنشینەکانیتر، کوردەکانی ئازربایجان بە بارودۆخیکی سەخت تێدەپەڕین، ئەم پرسە چەندین جار تاوتۆکراوە، سێ بڕیار دەرچوو دەربارەی لکاندنی قوبادلی بە کوردستانەوە دووانیان داوای لکاندنیان دەکرد بە کوردستانەوە، ئەویتر داوای دەکرد ئەو ناوچە، وەك قەزایەکی سەربەخۆ بناسرێت.

( Аскеров Г, 2007,c57)لەنێوان ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆدەنگی نەبوو ، له دروستکردنی ئەم ئویێزدە، له مانگەکانی ١١ و ١٢ /١٩٢٢ سێ جار ئەم پرسە گفتۆگۆکرا، کە قوبادلی هەڵوەشایەوە،.سەبارەت بە پرسەکانی تر، بە کراوەیی مایەوە (قادر، دەستنووس ،ل٩). هەریەکەو بیرو بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو، کێشەی دامەزراندنی ئویێزدی کوردستان ماوەیەکی خایاند، دواتر سەبر سەبر وایلێهات ڕای ئەندامەکان کۆك بوون، لەسەر دامەزراندنی ئەم ئویێزدی کوردستانە بۆ کوردەکان. بەڵام کە دەهاتەسەر باسی قوبادلی، کە دواتر بووە ناوچەیەك لەو ئویێزدە، کێشە دروستدەبوو. هەر یەك لەو ئەندامانی لیژنەیە بۆلای خۆی ڕادەکێشا ، بۆیە بڕیاردەرچوو دواتر هەڵدەوەشایەوە.(غەفوور،١٩٩٤،ل٥٦). له سەرەتایی ساڵی ١٩٢٣ پرسی کوردستان له لایەن کۆمسیۆنی تایبەت ڕاگەیەندرا کە پێکهاتبوو لە: کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێکاری ئازربایجان و کۆمیتەی ناوەندی کۆمۆنیستی.بە پێی ئەو ڕاپۆرت و نامانەی کە لە بەردەستن، وادیارە لە پرسی دروستکردن کوردستان نەیار هەبووەو بە فروفێڵی سیاسی جۆراوجۆر ئەوا کۆسپ و تەگەرەیان دەخستە بەردەم و ڕێگریان دەکرد، له دروستکردنی ئەم یەکە ئیداریە. (Аскеров Г, 2007,c56)

دەرئەنجامی چوار کۆبوونەوەکە کۆمسیۆنی تایبەتی پرسی کوباتلی لە ڕێکەوتی ٧ تەمموزی ١٩٢٣ وەك یەکەیەکی ئیداری سەربەخۆ بەناوی کوردستان بە فەرمی ناسرا،بڕیاریکی مێژوویی دا سەبارەت بەدروستکردنی کوردستانێکی خۆبەسەند( Muller,2000,p4).بڕیارەکەش "بە بەڵگەی پرۆتۆکۆڵی ٧ی تەمموز ١٩٢٣، لیژنەی دیاریکردنی سنوورەکانی قەرەباخ و هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان بڕیار دا کە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، سنوورەکان و ناوەندەکان دیاری بکرێت ناوچە ناشاوخاوییەکانی (کەرەباخ )ئەو شوینانەی کە لە جیاکردنەوەی ناگۆڕنی کەرەباخ ماونەتەوە، ناوچەیەکی کارگێڕی پێکدەهێنرێت ، سەنتەرەکەشی ببێتە (ئەگدام ). پێشنیازکرا بۆ سکرتێرەکانی کۆمیتەی جێبەجێکاری هەرێمەکانی کەرەباخ بۆ سبەی نەخشەی دابەشکردنی ئیداری ناوچە ناشاخاویەکانی کەرەباخ بخەنەڕوو. پێکهێنانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستانی ناوەندو سنورەکانی لەکاتی دیاریکردنی سنوورەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی ناگۆڕنی کەرەباخ دیاریبکرێت. ڕێگای ئاسنینی یەڤلاخ و شووشە، دروستبکرێت.(دۆکۆمێنتی ژمارە (١))

٢-پێکهاتەی کارگێڕی و سیاسیی ئویێزدی کوردستان.

پاشان ئەم ناوچەیە لە ڕووی ئیدارییەوە گۆڕدرا بوو بە ئویێزدی کوردستان هەندێك ماف و دەسەڵاتی پێبەخشرا. ئەم ئویێزدە بە شێوەیەکی فەرمی "سیستەمی ئۆتۆنۆمی" نەبوو، بەڵکو تەنها مافی تایبەت و دەسەڵاتی دیاریکراوی) پێبەخشرا (ن،لازاریف، ٢٠٠٨،ل٤٠١). لە کۆتایدا ئویێزدی کوردستان پێکهێنرا ،لەم ٦ ناحیانە: کەرەکیشلاک ( قەرەقیشلاغ ) ،کەلبەجار ، کوباتلی ( قوبادلی ) ،کوتورلی ( قوتورلی )،کوردگاجی ( کوردحاجی ) و مورادخانلی[٩]. لە کۆتاییدا هەموو قەزاکە کرا، بە چوار ناوچە : کەلبەجار، لاچین،قوباتلی و زەنگلیان(قادر،دەستنووس،ل21).شاری شووشی کرا، بەپایتەختی دوای چەند ( Сысоев,1928,с9,)دوای چەند مانگێك پایتەختەکەی گواستراوە، بۆ شاری لاچین(نادرۆڤ، عەڤدول،ل٧١) لە کۆتایی تەممووزی ساڵی ١٩٢٣ بەبڕیاری دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی ئازربایجان، ناوەندی کوردستان پایتەختی ئویێزدی کوردستان، پیرژەخان (لاچین) دەستنیشانکرا .(مستەفا، ١٩٩٢،ژماریە لاپەڕەی دیارنیە) لاچین تا ئەو ساڵە بریتی بوو، لە ئاواییەک بە ئەبدالیار دەناسرا.هەروەها پایتەختەکەی ئاواییەك بوو، بە ناوی ئەبدالیار بەم ناوانەش هاتووە: (عەبدەلار ، عەڤدالیار، ئەبدێلارە) (قادر، دەستنووس،ل٢٣) ، ئەو کوردانەی لەکۆماری سەربەخۆی نەخچەوان دەژین، بەکوردەکانی ئازربایجان ناودەبرێن (کەریم،کتێبی چاپ نەکراو،ل١٢). لە هەموو قەزا لاوەکییەکان جگە لە قوبادلی، کورد زۆرینەی ڕەها ی دانیشتوانی پێکهێنا:

*کاراکیشلاک(قەرەقیشلاغ) – ٩٩,٧% کورد.
*کۆتورلین (قوتورلی)– ٩٩,٩% کورد.( Бабаян, 2005,с116)
*کوردگاجی ( کوردحاجی ) – ٩٨,٦% کورد.
*مورادخانلی – ٩٨,٢% کورد. ( Аскеров Г,2007,с62-63)

بەڵام هەموو دامودەزگا فەرمییەکانی ئویێزدی کوردستان لە شاری "شوشی"بوون( Сысоев,1928,с21)بە بیانوی نەبوونی باڵەخانەی گونجاو لە شاری لاچین (قادر،دەستنووسی بڵاونەکراوە،ل١٣). شاری شووشی یاخود وەك خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن کاڵا(قەڵا) کەوتوتە پانتاییەکی بەرزوو فراوان، لەسەر شاخ (٤٨٠٠) پێ بەرزدەبێتەوە، بەڵام لە بەشی ڕۆژئاوایی ئەم شاخەوە بەرزییەکەی دەگاتە (٥٠٧٦) پێ واتە: (١٥٦٠) مەتر.دیمەنی دڵڕفێن و جوانی ئەم چیایە زاڵە بەسەر بەسەر شاردا، دەڕوانێتە ئەو ڕێگایەی کە دەتبات بۆ ئەبدالیار –(عەبدالیار) ئەبدالیار یان لاچین.(Сысоев,1928,с21) بوکشپان دەڵێت: دوای ئەوەی ئەو یەکە ئیداریە (ئویێزدی کوردستان) ڕاگەیەندرا، ژمارەیەکی زۆری ئازەری خۆیان تۆمارکرد بە ڕەگەزی کورد بوکشپان دەڵێت : باوەڕ ناکەم ئەمانە کوردبن(قادر،دەستنووس،ل٢٢) . ئەوەبوو لە ١٦ی تەممووزی ١٩٢٣ بە فەرمانی سەرۆکایەتی دەستەی جێبەجێکاری ناوەندی کۆماری ئازەربایجان (سەرۆک-س.کیرۆڤ) بڕیارەکە پەسەندکرا و ئویزدی کوردستان پێکهێنرا.( Бабаян, 2005,с116)

بە بەڵگەی زانستی سۆڤیەتی لە١٩٢٣/٧/١٦ پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی سەرۆکایەتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئازربایجان، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی

---

[٩] . ئەم ناوچانە بۆیە بە دوو جۆر نوسراوەن وەك بەرچاو روونیەك ئەوان لەوێ چونکە زمانی ئازەری بەسەریاندا زاڵە بەم شێوەیە ناوی ئەو شوێنانە دێنن. وەرگیراوە لە: (قادر ،لێدوان، 2025)

ئازربایجان س.کیرۆڤ، لەڕاپۆرتی لیژنە دەربارەی پرسی قەرەباخ.(هاوڕێ بونیاد زادێ) بڕیاردرا کەوا :

١.لەناوچە شاخاویەکانی قەرەباخ دوو هەرێم پێکدەهێنرێت

٢.لەوناوچانەی کوردیان تیایە "هەرێمی کوردستان دروستبکرێت"

٣.ئەنجومەنی کۆمسیارانی گەل ڕابسپێرێت، لەسەر شێوازی سۆڤیەتی سنوورو ناوەندەکارگێڕیەکانی ئەو هەرێمانە دیاریبکات.(دۆکۆمێنتی)

ПААФ ИМЛ. Ф. 1. Оп. 74. Д. 132. Л. 166 об. – 167

له هەمووی سەیرتر سەرۆکی ئویێزدی کوردستان کابرایەکی ئازەری بوو ، بەناوی گاجییەف[١٠] ( حاجییەف ). بەلشەفیکی ئازربایجانی لە دایکبووی شوشێ، کە پێشتر لە کارگێڕی کوباتلی پۆستی هەبوو، بە سەرۆکی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی ئویێزدی کوردستان دیاریکرا .(مولەر،٢٠٢٣،ل١٤٨) جێگری کۆمیتەی کارگێڕی هەرێمی کوردستان، ئەسعەد کارایف یاخود قەرەیف.(Сысоев,1928,c21 ) ئەمە گەورەترین ئویێزد بوو، لە کۆماری ئازربایجانی یەکێتیی سۆڤیەتدا.(قادر، دەستنووس،ل٢٢). لە ساڵی (١٩٢٣-١٩٢٩) ئەم ئویێزدە بەردەوام بوو.پێدەچێ لە کاتی خۆیدا دەسەلاتی سۆڤیەتی لە مۆسکۆ ئازەرییەکانی ناچار کردبێت، کە ئەم یەکە ئیداریەی کوردستان دابمەزرێنن، بۆیە هەرگیز لە دڵەوە کاریان بۆ گەشەکردنی نەدەکرد. سیاسەتی کاربەدەستانی کۆماری ئازربایجان بەرامبەر بەو هەرێمە ئەو بۆچوونە بە تەواوی پشت ڕاست دەکەنەوە، کە ئەوان لە یەکەمین ڕۆژەوە لە هەوڵی لەناوبردنیدا بوون. کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردی هەرێمەکە لە ١٠٠ % بۆ ٧٣ % (قادر،دەستنووس،ل٢٥). لە ساڵی ١٩٢٥ لە ئویێزدی سێ سەدو سی کۆمەڵگا نیشتەجێبوون هەبوو، کە لەلایەن شەست و سێ ئەنجوومەنەوە بەڕێوەدەبران(ئیڤانۆڤ، خانۆڤ، ٢٠٢٠،ل٣٠٢) هەر لەو ساڵەدا لیژنەیەکی تایبەت پێکهات، بۆ تاوتوێکردنی ئویێزدی کوردستان هەنێك پێشنیاری چارەسەری دانرا لە بواری گەشەکردنی ئابووری و ڕۆشنبیری(لازاریف،٢٠١٢،ل٤١). دانیشتوان یەکێ لە هەنگاوە دەسپێکەکان بوو . هەر بۆ ئەو مەبەستەش ڕێگەیان نەدا بەو دوو هەزار کوردەی لە دوای سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی ١٩٢٥ لە تورکیاوە ڕایانکردبوو، پەنایان هێنابووە بەر ئازربایجان لە هەرێمی ئویێزدی کوردستان جێگیر ببن، بەڵکو ناچار کران لە گوندێکی نوێ بە ناوی نەریمان ئاباد نیشتەجێ ببن . لە بەرامبەردا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئازەرییەکان لە هەرێمی کوردستان زیادی دەکرد، لە ماوەی یەك ساڵدا١٩٢٥-١٩٢٦ ڕێژەی کوردیان لە ٨٠ % و هێنایە خوارەوە بۆ ٧٣% واتا کورد بە ڕێژەی ٧% لە یەك ساڵدا کەمی کرد .( Бабаян, 2005,c126 )

گاجییەف ( حاجییەف ) .هەوڵی تواندنەوەی کورد و بە تورک کردنیان پرۆسەیەکی بەردەوامی ئازەرییەکان بوو . بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ڕێگە نەما نەیگرنە بەر . بەر لە هەر شتێک شکاندنەوەی کورد و سەیرکردنیان بە چاوێکی نزم و پێناسەکردنیان بە کۆچەر، نەخوێنەوار و دواکەوتوو . وایان لە زۆر کورد کرد بوو شەرم لە کوردێتی خۆیان بکەن ، هەوڵبدەن ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان بشارنەوە .(قادر،دەستنووس،ل٣٠)لە نێوان ساڵانی 1923-1930 کوردەکانی ئازربایجان تاکە کەمینە بوون (جگە لە ئەرمەنەکان) کە دابەشبوونی خاکی ئیداریيان هەبوو کە ناوی خۆیان هەڵگرتبوو.( Yilmaz,2014,p800 )

---

[١٠].لە زمانی ئازەری پیتی (ح) بەکارنایەت بۆیە پیی دەگوترا گاجییەف.

٣-هۆکارەکانی لە نێوبردنی ئویێزدی کوردستان

ئویێزدی کوردستان، کە نەک تەنیا بۆ کوردانی ئازەربایجان، بەڵکو بۆ هەموو گەلی کورد بە گشتی گرنگییەکی زۆری هەبوو، تەنیا شەش ساڵ درێژەی خایاند. لە ٨ی نیسانی ١٩٢٩، بە بڕیارێک لە کۆنگرەی شەشەمی سەرتاسەری ئازەربایجانی سۆڤیەت.(Аскеров Г, 2007,с64 )لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە لە مۆسکۆ بڕیاری لێدرا بوو (قادر،دەستنووسی نەکراوە،ل٢٢). ئوێزدی کوردستان هەڵوەشایەوە. بڕیارەکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی مۆسکۆوە درابوو نەک حاجیۆف، ئەوان بڕیاریاندا لەبری هەرێم- ناوچە درووستبکەن.( Аскеров Г, 2007,с64 )بۆیە، چیدی ناکرێت حاجیۆف بە بەرپرسی هەڵوەشاندنەوەی ئوێزدی کوردستان بزانین، چونکە زۆر پێشتر بۆ جێگایەکی دیکە گواسترابۆوە.(مولەر،٢٠٢٣،ل١٦٣)

دیارە مۆسکۆ مافی دابوو بە کۆمارەکان بە پێی پێداویستی و هەل و مەرجەکانی خۆیان گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدەن. ئەمەش بۆ ئازەرییەکان هەلێکی زێڕین بوو بۆ ئەوەی ئوێزدی کورستان، لەسەر نەخشەی ئازربایجان بسڕنەوە (قادر، دەستنووسی بڵاونەکراوە،ل٢٣). بە پێی ئەو ڕێکخستنەوەیە ئازربایجان لە ١٣ قەزاوە (هەرێم ) کە بوونیان هەبوو، هەڵوەشاوە .(Аскеров Г, 2007,с65)لە بڕی ئەوەکرا بە 8 ناوچە (مولەر،٢٠٢٣،ل١٦٢). هەر لەو ساڵەدا کوردستانی سوور لکێندرا ، بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناگۆرنێی کەڕەباخ .( Аскеров Г,2007,с65) لە پێکهاتەی کارگێڕی نوێدا کوردستان ناوی لە ناواندا نەما تا ٨ ئابی١٩٣٠دەڤەرێك بە ناوی کوردستانەوە مابوو ، چونکە لە ٢٥ ئایاری ئەو ساڵەدا هەمان دەسەڵاتی ئازەری بڕیارێکی دەرکردبوو بۆ دامەزراندنی ئویێزدی کوردستان .(قادر، دەستنووسی بڵاونەکراوە،ل24) هۆکاری لە ناوبردنیشی تا ئاستێکی زۆر ویستی سۆڤیەت، بۆ پاراستنی پەیوەندی دۆستانە دەگەڕایەوە،کە شۆڕشگێڕە کوردەکان لەم وڵاتە وەك پرسێك مابوونەوە(وانلی، 2023،ل93). فشار خستە سەر سۆڤیەتەکان، لەلایەن تورك بە پلەی یەکەم، دوای ئەوانیش ئازەری و ئەرمەن و ئیران ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا(علی،2017،ل102). تێڕوانینەکانی تورکیا دوای ڕاپەڕینی شێخ سەعید بە ئاشکرا ڕایگەیاند؛ کە کورد لە تورکیا نیە ناسۆنالیستە ئازربایجانیەکانیش هەر چەند کارتی کۆمۆنیستان لە گیرفان بوو ، بەڵام هەر ناسۆنالیست بوون، ئەوان بیریان لەوە کردەوە چۆن؟ تورکیا بەم جۆرە لە کورد دەڕوانێت، بە بەراوردی خۆیان کە کورد لە ئازربایجان زمان و قوتابخانەی خۆی هەبێت(خدۆ،2000،لاپەڕەی دیارنیە). ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەی و شۆڤینیانەی ئازربایجان ، کە هەوڵی توانەوەی کوردی دەدا (جەلیل،1994،ل4)،بێگومان ستالین لەسەر داواکاری ئەوان ئەم بڕیارە دا. بێگومانیش ئوێزدی کوردستانیش ئەرکی خۆی بە جێهێنابوو، لە وەستانی شەڕی نێوان ئەرمەن و ئازەر (موستەفا،2024،ل155).کوردەکان تووشی ڕاگواستن و ئاوارەیی بوون و دوورخرانەوە لە زێدی باب و باپیرانیان، ئازارو نارەحەتی زۆریان بینی(مووساپور، 2020،ل329). لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئوێزدی کوردستان لە نیوەی یەکەمی سیەکانی سەدەی ڕابردوودا، «جینۆسایدی سپی» دانیشتوانی کورد لە ئازەربایجان دەستی پێکرد. شانۆی کوردی، بەرنامەی ڕادیۆیی، قوتابخانە کوردییەکان، فاکەڵتی کوردی داخران و بڵاوکردنەوەی کتێب بە زمانی کوردی وەستا ،لە ساڵی 1936 بڕیاردرا لە سەر ناسنامە، لە شوێنی ڕەچەڵەک، لە جیاتی "کورد" بنووسرێت "ئازەربایجانی". ئەم گۆڕانکاتییانە لە ساڵی 1938 تەواو بوو. لە ئازەربایجانی"بێسەروشوێن کردنی کورد"بە فەرمی لە بەڵگەنامەکان و ناسنامەکاندا بە تەواوی جیبەجێ کرا، لە تورکمانستان بە شێوەیەکی سەرەکی و لە جۆرجیا بەشێکی زۆر هەندێکیش

کەوتنە ئەرمینیا.( Аскеров Г, 2007, С66) لە ساڵی ١٩٤٤ ژمارەیەکی زیاتری بۆ جۆرجیاو کازاخستان و ئاسیای ناوەڕاست ڕاگوێزکرد(Pohl, 2017,P157) .


ئەنجامگیری

١. موساواتەکان لە ساڵانی ١٩١٧-١٩٢٠ هێزی سەرەکی بوون دژی شۆڕش و ئازادیخوازی کوردەکان و شەڕی دژی سۆڤیەت و بەلشەفیەکان، بە پشتگیری پان-تورکیزم و پان-ئیسلامیزم، فشارخستنە سەری کوردەکان کە زمان و کلتوریشان دەستکاریکرد، هەربۆیەش کوردەکان وەك کەمەنەتەوەیەك، بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان و ژیانێکی باشتر پشتیوانیان لە سۆڤیەت کردوە.
٢. سیاسەتی ئاڵۆزی کوردەکانی ئازەربایجان هەردوو لایەندا هەڵە بوو: یەک لە بەردەم مۆدێرینکردنی سۆڤیەت و یەکیش لە بەردەم هەوڵی نەتەوەکان بۆ پاراستنی ئازادی و خۆپارێزی.
3. کوردەکانی کۆماری ئازربایجان لە نێوان ساڵانی (1920-1930) دا جگە لە ئەرمینیا، تەنها کەمینەیەکبوون کە یەکەیەکی کارگێڕیان بەناوی خۆیان هەبوو.
٤. بەپیی زۆرینەی ئەو سەرچاوانەی کە باسی ئەم ئویێزدە دەکەن ، هەریەکەو بە جۆریك ناوی هێناوە، هەر چەندە لە لێکۆڵینەوەکان چەمکی خۆبەڕێوەبەری بۆ ئەو ناوچەیە بەکارهێنراوە، بەڵام بە شێوەی فەرمی وای پێنەگوتراوە، هێشتا بەڵگەیەکی وامان لەبەر دەست نییە، کە بە ستاتۆی (باری) یاسایی ، کە ئەم ئویێزدە وەك پێکهاتەی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی و دەوڵەت بناسێنێت، ئەم بابەتە بۆ چوونی جیاجیاو لێکدانەوەی هەمەچەشن و ناوی لێنراوە، کەچی لە ڕاستیدا بە پێی ئەو توێژینەوەمان بە پشت بەست بە هەندێ بەڵگەو دۆکۆمێنتی بەردەست گەیشتینە ئەو ڕاستیە، کە جگە لە یەکەیەکی کارگێڕی ئەتنیکی ئاسایی زیاتر نەبوو، بە هەمان یەکەکانی دیکەی ئازربایجان بووە،دەکرێت بە یەکەیەکی خۆ بەڕێوەبەر وێنا بکرێت.
٥. ئویێزدی کوردستان ، لێکدانەوەو ناوی هەمەچەشنی بۆکراوە هێشتا لەلایەن زانان و ئەکادیمستانەوە، تەنانەت هەندێك جار، ناو و چەمکەکەی بە شێوەی خەیاڵی یان ناڵۆژیك هێنراون، بەڵام دۆکۆمێنتە فەرمیەکان ئەم ڕاستیەکان ڕوون دەکەنەوە ، ئەم گومانانە پووچەڵکرایەوە.


پاشکۆکان



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣



وێنە: 1. سەرکردەی ناوچەی کوردستان، ژەنەراڵ پرۆفیسور خوسرۆڤ بەگ، 1943-1879



وێنە: 2. یەکێک لە سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان سوڵتان بەگ سوڵتانۆڤ 1871 - 1955



Совет Министров Азербайджанской ССР

СОВЕТ МИНИСТРОВ СССР
ПОСТАНОВЛЕНИЕ № 4083
от 23 декабря 1947 г. Москва, Кремль.

О переселении колхозников и другого азербайджанского населения из Армянской ССР в Кура-Араксинскую низменность Азербайджанской ССР.

Совет Министров Союза ССР ПОСТАНОВЛЯЕТ:

1. Переселить в 1948–1950 гг., на добровольных началах в Кура-Араксинскую низменность Азербайджанской ССР 100 тыс. колхозников и другого азербайджанского населения из Армянской ССР, из них: 10 тыс. человек – в 1948 году, 40 тыс. человек – в 1949 году и 50 тыс. человек – в 1950 году.

11. Разрешить Совету Министров Армянской ССР освобождаемые азербайджанским населением постройки и жилые дома в связи с переселением их в Кура-Араксинскую низменность Азербайджанской ССР использовать для расселения зарубежных армян, прибывающих в Армянскую ССР.

Председатель Совета Министров Союза ССР И. Сталин

Управляющий Делами Совета Министров СССР Я. Чадаев

بەڵگەنامە سەبارەت بە گواستنەوەی کوردەکانی دەرەڵێز و زەنگێزور بە فەرمانی حکومەتی سوڤیەتی، ساڵی١٩٤٨



КОЧМӘ БИЛЕТИ
ПЕРЕСЕЛЕНЧЕСКИЙ БИЛЕТ
№ 1305

Belge: 2 Belgeya penaberiyê ya ku ji bo kurdên Ermenistanê (Dereleyez û Zengezûr) yên ku sirgûnê herêma Arana Azerbaycanê hatiye kirin. Sal, 1948.

بەڵگەی پەنابەری بۆ کوردانی ئەرمەنستان (دەریلیەز و زەنگێزور) کە بە زۆرکردن گواسترابوون بۆ ناوچەی ئاران لە ئازەربایجان. ساڵی 1948

ПРОТОКОЛ ЗАСЕДАНИЯ КОМИССИИ ПО ОПРЕДЕЛЕНИЮ ГРАНИЦ АВТОНОМНОГО КАРАБАХА И КУРДИСТАНА

٧июля 1923 г.

Слушали:

١. О конструкции органов власти низменной части Карабаха, (т. Караев.)

٢. О Курдистане.

٣. О железной дороге.

Постановили:

а) Создать из низменных частей уездов Карабаха, оставшихся от выделения Нагорного Карабаха, Областное управление с центром в Агдаме.

б) Предложить т. Свиридову совместно с предисполкомами уездов Карабаха представить к завтрашнему дню схему административного деления Областного управления низменной части Карабаха. Образовать Автономный Курдистан, центры и границы которого определить при установлении границ Нагорного автономного Карабаха. Осуществить проведение железной дороги Евлах - Шуша, причем шпалы предоставляют местные карабахские органы.

Председатель комиссии А. Г. Караев

Источник: ПААФ ИМЛ. Ф. 1. Оп. 74. Д. 132. Л. 170

دۆکۆمێنتی ژماره (1)

ИЗ ПРОТОКОЛА ЗАСЕДАНИЯ ПРЕЗИДИУМА ЦК АКП(б)

١٦июля 1923 г.

Слушали:

١٢. Доклад комиссии по карабахскому вопросу. (т. Буниатзаде.) Постановили: (...).

в) Из низменной части Карабаха образовать 2 уезда.

г) Из территории, занимаемой курдами, образовать «Курдистанский уезд».

д) Поручить СНК в советском порядке определить точные границы и административные центры этих уездов. (...)

Секретарь ЦК АКП С. Киров

Источник: ПААФ ИМЛ. Ф. 1. Оп. 74. Д. 132. Л. 166 об. - 167

دۆکۆمینی ژماره (٢)

سەرچاوەکان



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەڵگەنامەكان (بڵاونەكراوەكان)
ئەم ناميلكەيە بەناوی كوردستانی لاچين تەنها كۆپيەكی لای من بەردەستە، بۆيە لە توێژينەوەكە وەك دۆكۆمێنت بەكارهاتووە.
В. Сысоев ,М.1928, Курдистан. Лачин., „Навестий Азкомстариса", Баку.

١.بەڵگەنامەی سۆڤيەتی

1. ПААФ ИМЛ. Ф. 1. Оп. 74. Д. 132. Л. 166 об. – 167
2. ПААФ ИМЛ. Ф. 1. Оп. 74. Д. 132. Л. 170.

٣. بەڵگەی پەنابەری بۆ كوردانی ئەرمەنستان (دەرپلیەز و زەنگێزور) كە بە زۆركردن گواسترابوون بۆ ناوچەی ئاران لە ئازەربايجان. ساڵی ١٩٤٨.وێنە لە پاشكۆ دانراوە
٤. بەڵگەنامە سەبارەت بە گواستنەوەی كوردەكانی دەرەڵێز و زەنگێزور بە فەرمانی حكومەتی سۆڤیەتی، ساڵی١٩٤٨.وێنە لە پاشكۆ دانراوە.

بە سوپاسەوە شەم دۆكۆمێنتانە لەلایەن هەژار شامیل عەسكەرۆف پێشكەشكراوە.

دەستنووسەكان

١. قادر،د.جبار، كوردەكانی ئازربايجان، دەستنووس، پارێزراوە لەلايەن توێژەران، هێشتا بڵاونەكراوەتەوە.

سەرچاوەكان بەزمانی كوردی

كتێب

١. لازاريف،ن، ٢٠٠٨،مێژووی كوردستان، ووشيار عەبدوڵا سەنگاوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

سەرچاوەكان -كتێب

١. مووساپوور،سيروان،٢٠٢٠كوردەكانی دەرەوەی كوردستان ،چاپخانەی مادیار،سنە،٢٠٢٠.
٢. عەلی،ئارام ، پەیوەندی نێوان كوردو ڕوسیا(كوردستانی قەفقاز یا سۆڤێتیی).
٣. مولەر،دانیار،كوردەكانی ئازربایجانی سۆڤیەت (١٩٢٠-١٩٩١)،و:ئەرسەلانحەسەن،لەبڵاوكراوەكانی دامەزراوەی كەریمی ئەلەكە،٢٠٢٣،ل١٣٨
٤. هەورامی،دكتۆر ئەفراسیا ، ٢٠٠٦،كوردستانی پشت قەفقاس،چاپخانەی شڤان،سلێمانی.
٥. هەورامی، دكتۆر ئەفراسیا، ٢٠٠٥،دۆسیەی تاوانەكانی ڕژێمی سۆڤییەت بەرامبەر بە كوردەكانی ئەو وڵاتە) ،بڵاوكراوەكانی بنكەی ژین، سلێمانی.
٦. دان،جۆن ئێم، ساڵی چاپ نەنووسراوە،شۆرشی ڕووسیا،و:هەژار ڕەحیمیوچاپی سێیەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٧. یڵماز،هاروون،٢٠٢٣، سەرهەڵدانی كوردستانی سوور، و:ئەرسەلان حەسەن،لە بڵاوكراوەكانی دامەزراوی كەریمی ئەلەكە.

٨. کیاکسار،ف،٢٠٢٣،ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس کوردستانی سوور،و:ئەرسەلان حەسەن،چاپی یەکەم،دامەزراوی کەریمی عەلەکە،سلێمانی.
٩. برێتیك،ئەستێللە ئامی دیٚ لا، ٢٠٢٢،ئێزدیەکان لە یەکێتیی سۆڤیەتی جاراندا،و:محەمەد سالح تۆفیق.
١٠.ئەبوبەکر،د.دانەر، ٢٠٢٣،کورد لە سیاسەتی ڕووسیادا، چاپی دووەم، چاپخانەی هەژاری موکریانی،مۆسکۆ.
١١.موستەفا،وەکیل،٢٠٢٤، بۆچی لینین و گۆرباچۆڤ ویستیان کوردستانی سوور لە نێوان ئەرمینیا و ئازربایجاندا دابمەزرێنن، و: سوار شاکەلی، کتێبخانەی گشتی گەرمیان، سلێمانی.
١٢.کەریم،ڕەمەزان، کوردەکانی قەفقاس، کتێبی چاپ نەکراو، پارێزراوە لەلایەن توێژەران.
١٣.ڕەشید بێشوونی،زیبا نظمی، ٢٠١٥،کوردستانی سوورو کورد لەیەکێتی سۆڤییەت١٩١٧-١٩٤٥، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر،٢٠١٥.
١٤.پرۆفیسۆر م.ئە.هەسراتیان ،کوردستان و کورد کۆوتاری سۆڤیەت و ڕووسیا( کوردی یەکێتیی سۆڤیەت)و: دکتۆر جەبار قادر،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر،٢٠٢١،ل٤٢٣.
١٥.ئیڤانۆڤ ،س.م، خانۆڤ،م.مەگۆمید، و:سوار شاکەلی،ئەفسانەی ڕۆژهەڵات،مۆسکۆ،٢٠٢٠.

گۆڤارە زانستیەکان بەزمانی کوردی
١. مستەفا،ئارام عەلی،٢٠١٩،پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی سۆڤێت و تورکیا(١٩٢٠-١٩٣٠ز)و کاریگەری لە سەر پرسی کورد،مجلة(التنمية البشرية) المجلد(٥)،العدد(٤).

گۆڤارو ڕۆژنامەکان
٢. قەرەداغی، د.کمال سەید ،١٩٩٢،لە یەکێتیی سۆڤیاتی پێشوو و بارودۆخی،ئازاد بیلال،ڕۆژنامەی خەبات، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عەباس سلیمان سمایل،هەولێر.
٣. سعید،م.هیوا عزیز، ٢٠٠٩،هەڵوێستی سۆڤیەت لە بەرامبەر کورد، نوێبوون،گۆڤارێکی سیاسی و ڕوناکبیریی فیۆداڵی بوو وەرزییە،چاپخانەی شڤان، سلێمانی،ژ(٧).
٤. ڕەشید،د.تۆسنی،٢٠١١،کوردی یەکیەتی سۆڤیەت پێشترو ئێستە،(ووتار)کۆوارێکی ڕۆشنبیری گشتیە،(٦).
٥. غەفوور ،عەبدوڵا ،١٩٩٤،ڕابوون، ژ:١٢.
٦. نوری، شەماڵ،٢٠٠٤/٥/٧،گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٤٨٦.
٧. ڕەزا، مەحمود،ئابی ١٩٩٧،گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی،مەحمود ڕەزا، ژمارە٣.
٨. علی، سدیق علی، حوزەیرانی ٢٠١٧،جینۆسایدی کورد لەسایەی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ڕووسیادا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە(٤٨٦).

٩. جەلیل،د.جەلیلی،گفتوگۆیەکی گرنگ لەگەڵ مێژوونوسی کوردی سۆڤیەت،ڕۆژنامەی برایەتی،ژمارە(٢٠١٣) دووشەممە ١٩٩٤/٨/٨.
١٠.ڕەسوول، دوکتۆر عیزەدین مستەفا، کورد لە نێو کۆماری سۆڤێتیدا-بەشی سێیەم،ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(١١٨) ساڵی یەکەم، پێنج شەممە ١٩٩٢/٦/١٨.
١١.وانلی،عیسمەت شەریف، ٢٠٠٢، گەلێکی پەموردە و نیشتمانی پەرت، چاپی دووەم، ناوی دەزگای بڵاوکردنەوەی نەنووسراوە، سوید.
١٢.خدۆ، پرۆفیسۆر شاکرۆیی ،شەممە ١٥/١١/٢٠٠٠، لە سەردەمی کۆمۆنیستاندا سێ جاران کوردەکانی سۆڤیەت پەرت و بڵاوو سرگون کران، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (٧٩) ساڵی چوارەم.
١٣.نادرۆف،عەڤدول،١٩٩٢،کورد لە سۆڤیەتدا لێدوانێکی گشتی لەگەڵ نادری نادرۆف و ڕەیحانە عەڤدول، لێدوان :دکتۆر دلاوەر عەلائەددین، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی:عباس سلیمان سمایل،ئەوەی نووسراوە دەربارەی کوردی سۆڤیەت.

لێدوانەکان

١. گۆڕۆنی، خالید نەجمەدین، ٢٠٢٥/٩/١،چالاکوان و ڕۆشنبیر ئەو کەسێکە بە تەواوی شارەزایی زمان، کەلتور و مێژووی ڕووسیا هەیە. بۆ ماوەی نزیک بە ٢٣ ساڵە لە فدراسیۆنی رووسیا دەژی. وەک چالاکێکی زمان پاراو ناسراوە، خۆشی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر هاتۆتە ژیان.

٢. عەسگەروف هەجار شامیلوڤیچ ، ٢٠٢٥/٨/١، لە دایکبوو: ١٦ی تموز (تیموز) ١٩٦٦ لە کەلبەجەر (Kelbajar) خوێندنی زانستی: ١٩٨٤–١٩٩٠ لە باکو زانیاری فیلیۆلۆژی (زانیاری زمان و ئەدەب) خوێندوە ووە، ،لە ٢٠٠٥–٢٠١٠، لە قیرغیزستان، بەشی کوردیی ڕادیو بوو و بەرێوەبردنی دەرەکی کوردی کرد، عەسگەروف بە شێوەیەکی زۆر کارا و چالاك، لە مێژووی کورد و میدیای کوردی و خزمەتی ئەدەبی و فەرهەنگی کوردی کردووە .چەندین بەرهەم و بڵاوکراوەی کتێبی هەیە بە زمانی ڕووسی تورکی.

٣.قادر،جبار، ٢٠٢٥/٤/٢٥،جبار قادر غەفور زەندە،لە ساڵی ١٩٥١، کەرکووک هاتووەتە و دونیاوە و قوتابخانەی لەو شارە تەواو کردووە و بەشی مێژووی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە و دکتۆرای لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە مۆسکۆ وەرگرتووە و لە زانکۆکانی سلێمانی، سەلاحەدین، مووسڵ، ئەمستردام و کۆیە مامۆستا بووە. ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی بووەو ئێستاش خانەنشینە و لە هۆڵەندا نیشتجێیە، کۆمەڵێ کتێب و لێکۆڵینەوەی لە بوارەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی ئەوروپا، تورکیا، عێراق و ڕووسیای بڵاو کردووەتەوە.

٥. کەریم ڕەمەزان، ٢٠٢٥،٢٨/٧/٢٧/٧/٢٠٢٥ دیداری ڕەمەزان کەریم عوسمانۆڤ، ١٩٨٢ لە دایك بووە، بە ڕەسەن خەڵکی ناوچەی کوردستانی سوورن لە ئازربایجان لە ساڵی ١٩٣٧ستالین ڕاگوێزانی بە بنەماڵەکەی کردووە بۆ گوندی قەشتەبڵاخ،پیشە: لە سەرەتادا، لە کازاخستان مامۆستای زمانی کوری بوو، دواترسەرنووسەری بەشێك لە

ڕۆژنامەی ڕووسی بوو لە ئێستا ڕۆژنامەنووس، سیاسی، سەرۆکی کارگێڕی نەتەوەیی کوردە، سەرنووسەری بەشێك لە ڕۆژنامەی کرمانجیە، ئێستا لە شاری. هەولێر دەژی.

٦.ئەبوبەکر، دانەر، لە ساڵی ١٩٨٤ لەدایك بووە، خوێندنی بەکالۆریۆس (٢٠٠٩–٢٠١٣) و ماستەر (٢٠١٣–٢٠١٥) لە زانکۆی هاوڕێیەتیی نێوان گەلان لە مۆسکۆ تەواوکردووە، دکتۆرا (٢٠١٥–٢٠١٨) لە بەشی شیکاری و سیاسەتی بەڕێوەبردن،.دکتۆرای دووەم لە پەیمانگەی ئەفریقا .زانستی ئاکادیمیای ڕووسیا، لەژێر چاودێریی ئەکادمیست ئەلیکسەی ڤاسیلیێف .خاوەنی ٧ پەرتووک بڵاوکردنەوەی زیاتر لە ٢٠ توێژینەوەی زانستی ، بە زمانی ڕووسی و کوردی، تا ئێستاش لە ڕووسیا دەژی لە کاری ئەکادیمی بەردەوامە.


سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی

١. کۆچی، خالد خالد،١٩٩٠، السياسة السوفيتية تجاه القضية الكردية في الميزان, الطبعة الاولى، ستوكهولم.

سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی

1. Davies ,R. W. 1980,The Industrialisation of Soviet Russia: Volume 2: The Soviet Collective Farm, 1929–1930 (Cambridge, Mass.: Harvard University Press.

گۆڤارە زانستیەکان بەزمانی ئینگلیزی

1. Muller, Daniel,2000, The Kurds of Soviet Azrbaijan,192-1991, Central Asian Survey,19.(١)
2. Yilmaz, H. (2014) ‘The Rise of Red Kurdistan’, Iranian Studies, 47(5), pp. 799–822. doi:10.1080/00210862.2014.934153.
3. Pohl, J. O. (2017) ‘Kurds in the USSR, 1917–1956’, Kurdish Studies, 5(2), pp. 32–55\

سەرچاوەکان کتێب بەزمانی ڕووسی

کتێب ڕەسەنەکان

1. Букшпан,А.1932;Азербайджанские курды [Текст]: Лачин. Кельбаджары, Нахкрай [СССР]: Заметки / Азербайдж. гос. науч.-исслед. ин- т. Отд-ние Востока. - Баку: [АзГНИИ].

کتێب بەزمانی ڕووسی

1. Бугай,Н.Ф.2012, Курдский мир России, Издательство “Алетейя”, Санкт-Петербург.
2. .Аскеров Г.2007, Курдская диаспора в странах СНГ. 1-е изд. Бишкек: Издательство «Зангазур».
3. Токаржевский,.Е. А.1956, Очерки истории Советского Азербайджана в период перехода на мирную работу по восстановлению народного хозяйства (1921-١٩٢٥- гг.),Издательство Академии наук Азербайджанской ССР, Баку.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

4. Сысоев,.В. М.1928, Курдистан. Лачин, Навестий Азкомстариса", Баку.
5. Полонский, Лев,1969,Комиссар Ильдрым, Издательство «политической литературы», Москва.

گۆڤاره زانستیەکان بەزمانی ڕووسی

1. Бабаян, Д., 2005. «Красный Курдистан: геополитические аспекты формирования и упразднения». 21-й век, (2).

سایتە ڕووسیەکان

6. Маммад,Лятиф'ЧингизИльдрым— курдский советский государственный деятель,2011-09-02,Kurdistan.ru,https://kurdistan.ru/,01.05.2025

Sources in Kurdish

Book

1. Lazarev, N, 2008, History of Kurdistan, Wushyar Abdullah Sangawi, Rojhelat Printing House.

Sources -Books

1. Moosapour, Sirwan, 2020 Kurds Outside Kurdistan, Madyar Printing House, Sanaa,
2. Ali, Aram, Relations between Kurds and Russia (Caucasian or Soviet Kurdistan).
3. Müller, Danyar, Kurds of Soviet Azerbaijan (1920-1991), and Arsalan Hassan, Karimi Alake Foundation Publications, 2023, p
4. Hawrami, Dr. Afrasia, 2006, Kurdistan behind the Caucasus, Shvan Printing House, Sulaimani.
5. Hawrami, Dr. Afrasia, 2005, The Case of the Crimes of the Soviet Regime Against the Kurds of that Country, Zhin Center Publications, Sulaimani.
6. Dunn, John M., Year of publication not written, Russian Revolution, by Hazhar Rahimi, third edition, Eastern Printing House.
7. Yilmaz, Harun, 2023, The Rise of Red Kurdistan, and Arsalan Hassan, in the publications of Karimi Alka Foundation.
8. Kiaksar, F, 2023, Central Asia and the Caucasus, Red Kurdistan, and: Arsalan Hassan, first edition, Karimi Alaka Foundation, Sulaimani.
9. Brettick, Estelle Amy de La, 2022, Yezidis in the former Soviet Union, by Mohammed Salih Tofiq.
10. Abubakr, Dr. Danar, 2023, Kurds in Russian Politics, Second Edition, Hazhari Mukriani Printing House, Moscow.
11. Mustafa, Wakil, 2024, Why Lenin and Gorbachev wanted to establish a Red Kurdistan between Armenia and Azerbaijan, and: Suwar Shakeli, Garmian Public Library, Sulaimani.
12. Karim, Ramazan, Kurds of the Caucasus, unpublished book, preserved by researchers.
13. Rashid Beshooni, Ziba Nazmi, 2015, Red Kurdistan and Kurds in the Soviet Union 1917-1945, Rojhelat Printing House, Erbil,

14. Professor MA Hasratian, Kurdistan and Kurds in the Soviet Union and Russia (Kurdish Soviet Union) and: Dr. Jabar Qadir, Salahaddin University Press, Erbil, 2021, p.
15. Ivanov, SM, Khanov, M. Magomid, W: Suwar Shakeli, Legend of the East, Moscow,

Scientific journals in Kurdish
1. Mustafa, Aram Ali, 2019, Relations between the Soviet Union and Turkey (1920-1930) and its impact on the Kurdish issue, Magazine (Human Development) Volume (5), Issue (4).

Magazines and newspapers
2. Karadaghi, Dr. Kamal Sayed, 1992, In the former Soviet Union and its situation, Azad Bilal, Khabat newspaper, prepared and collected by Abbas Sulaiman Smail, Erbil.
3. Saeed, M. Hiwa Aziz, 2009, Soviet attitude towards Kurds, Nuibun, a feudal political and intellectual magazine, Shvan Printing House, Sulaimani, No. (7).
4. Rashid, Dr. Tosni, 2011, Kurdish Soviet Union before and now, (article) a general cultural journal, (6).
5. Ghafoor, Abdullah, 1994, Rabun, No.
6. Nuri, Shamal, 7/5/2004, Gulan Magazine, No.
7. Reza, Mahmoud, August 1997, Journal of Strategic Research Center, Mahmoud Reza, No.
8. Ali, Sadiq Ali, June 2017, Kurdish Genocide in the Shadow of Successive Russian Governments, Khal Magazine, No. (486).
9. Jalil, Dr. Jalil, An important interview with the Soviet Kurdish historian, Biryati newspaper, No. (2013) Monday 8/8/1
10. Rasul, Dr. Ezadin Mustafa, Kurds in the Soviet Republic, Part III, Kurdistan New Newspaper, No. 118, Year 1, Thursday 18/6/1992.
11. Wanli, Ismet Sharif, 2002, A Pemurde People and a Divided Country, 2nd edition, publisher not listed, Sweden.
12. Khdo, Professor Shakroyi, Saturday 2000/11/15, Soviet Kurds were dispersed three times during the communist era, Media newspaper, No. 79, Year 4.
13. Nadrov, Avdul, 1992, Kurds in the Soviet Union General interview with Nadri Nadrov and Rayhana Avdul, interview: Dr. Dilawar Alaaddin, prepared and compiled by: Abbas Sulaiman Smail, what is written about the Soviet Kurds.

Statements
1. Goroni, Khalid Najmadin, 1/9/2025, activist and intellectual He is a person who has a thorough knowledge of Russian language, culture and history. He has lived in the Russian Federation for nearly 23 years. He is known as a fluent language activist and was born into a Kurdish-loving family.
2. Asgarov Hajar Shamilovich, born 16 July 1966 in Kelbajar Scientific education: 1984–1990 Studied philology in Baku, 2005–2 Kyrgyzstan, the Kurdish section of the radio and managed Kurdish foreign affairs. Asgarov has been very active in Kurdish history, Kurdish media, Kurdish literature and culture – he has published several books in Russian and Turkish.

3. Qadir, Jabbar, 25/4/2025, Jabbar Qadir Ghafoor Zanda, was born in 1951, Kirkuk and graduated from the history department of Baghdad University and received his doctorate from the Institute of Oriental Studies in Moscow. He was an active member of the Kurdish Academy and is currently retired and living in the Netherlands. He has published several books and research in the fields of modern and contemporary history of Europe, Turkey, Iraq and Russia.

5. Karim Ramazan, 27/7/2025, 28/7/2025 Interview with Ramazan Karim Osmanov, born in 1982, originally from the Red Kurdistan region of Azerbaijan. In 1937, Stalin moved his family to the village of Qashtablakh He was the editor-in-chief of a Russian newspaper. He is currently a journalist, politician, head of the Kurdish national administration and editor-in-chief of a Kurdish newspaper. He lives in Erbil.